کتێبی: (پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری) و شیعری موتوربە .. سەباح هەنجەر

هەموو درەختێکی بەردار ئەفسانەیەکی هەیە و دەیەوێ مرۆڤ بە ئارامی لەناو ئەفسانەکەیدا بژی. خەم وەك ئەو خاکەی بە باخ خۆش دەکرێ دەبینم: درەختەکانی باخ هەموویان لە خاکێکی دیاریکراودا بە یەکەوە دژین و بەرهەم پێشکەش دەکەن. بەرهەمەکانیش هەر یەکەی تام و شێوە و قەوارەی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر یەکێش کاتی جیا و تایبەتی هەیە لە پگەیشتن و پشکشکردنی بەرهەمەکەی، هەموویان وەك برای یەك دایك و باوك بەیەکەوە دژین و هیچیشیان لە ئیرەیی پبردنی ئەوی دیدا هەنابزکەت.
هەموو دەقێکی هەسەن و دنیا. پ لە گرژی و ململانێیە، ئەو گرژی و ململانێیە دەساتی دەق پشان دەدا.
با دە پکەوە لە هەموویان دەدا، باران دە پکەوە لە هەموویان دەدا، هەتاو دە پکەوە لە هەموویان دەدا، هووناکی مانگ دە پکەوە لە هەموویان دەدا … تاد، منیش داهێنەرم تا دواپلەی خۆشویستی خۆش دەوێ. هەر بابەتەك لە داهێنەرەك بخوێنمەوە، ئەوپەڕی ئاوات و دەووێمە، لەسەر نانی خوانی هەموو ماڵان ناوی بنووسم، یان لەسەر شانی خەمی دانەم و بەناو شاردا بیسووڕێنمەوە. وەك درەوشانەوەی هەمایەك پشانی دەستبژێری کەمەگای کوردی بدەم، بەڵام بە هیچ شێوەیەکیش بە نادا هێنەر و تەمبەڵ و ناوەجاغ و پاشخاپرەکەکم نەگوتووە، بوونی تایبەتی خۆت هەیە و دەستخۆش، خۆشدوویی لەسەر مەرگی هەر شێش منداڵم بکەم. لەسەر شیعر نایکەم، بەڵای ببیش سەرسامیی خەمم بەرانبەر دەقی بگەرد نەشاردووەتەوە. دنیام: (نالی و گەران) بە بەهرە گەورە و تایبەتمەندکانی دەوروبەری خۆیان گوتووە: (تە کەششی زاڵ بکە و ببە بە خۆت) و بەناو خۆن و گشت و دەماری منیشدا تێبپەڕێ، شیعر پێویستە لە پناو خۆت و ئەستێتیکای زماندا بنووسرێت، قسەش پێویستە لە پناو هەمووانداا بکرێت، من شیعرم کردووەتە زمانی هەموو دەربینەکان و تەنیا لە شیعریشدا دەگەمە چژی دەربین، بە هیچ جۆرێکیش خودی خەم ناچاری نووسین نەکردووە. چژی دەربین هەورم بە دەکاتە بالیف و ئەوی خۆن و خۆنمە بە باشی دەیبینم.
خودا ئەو بەندانەی خۆی خۆش دەوێ، هەندك بیرەوەری و پێوەندی لەك

نزیکی بە نزیکتر دەکاتەوە و لە یەك خاڵی خڕشاندا کۆیان دەکاتەوە، پاشان دەیانخاتە بەر سرووی ئیلهام.
لەناو کتێبخانە بچووکەکەمدا، بە دوای کێشیعری: (نوختەی نوونەکەی ژیان)ی فەرهاد شاکەلیدا دەگەڕام، پێویستم بوو، بە شێوەیەکی بەراوردکردنێك لەگەڵ شاعیرێکی هاوڕێی خۆی بە جیاوازی و بەکارهێنانی هێما و هەماکانی ئەزموونی ئەستایان. بە ویست و بیرلێکردنەوە کتێبی: (پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری)، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (الحوادث) 1983 بەغدا، کەوتە ناو هووناکی چاوم و بە ئاهەکەوە دەستم بەی بردە. سام و مووچەکی یادەك هەردوو شانی گرتم و لە ناخەوە هایوشاندم و خاوی کردمەوە، وەك ئەوەی کەوتبمە ناو قووڵایی ئاوەکی ساردەوە و مانگ لە ناویدا خنکابێت. لەو چرکە پەڕوونەشنیەمدا، داوام لە خودا کرد هوو لە جیهانی خامەشان بکەم. بە تۆندی خەرتاوی ئەو هێزە تەم ئاڵا و دەست و پێی بەستم.
محەمەد خدر مەولوود لە (هەڵەبجە) لە 23/11/1985، کەسێکی لەبارەی کێشیعری: (نیگەرانی) نەوزاد هەڤعەت پێشکێشکرد، لەو کەسەدا من و (ئیسماعیل تەنیا) بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبووین، ناونیشانی کەسەکە پێش چەند هێژەك هاگەیەندرابوو، کە فەرمانە هێژ، کەسەك بەو ناونیشانەوە لەبارەی فەرمانە بابەت بەڵگەوەدەچێت. منیش کێشیعرەکەم بەوپەڕی وردەکارییەوە خوێندبووەوە، ئاگەرچی موو بە موو ئاگاداری شیعری نوێی کوردیم و لەناویدا توایمەوە و بە جیاوازی، هەمووی بە وردی و یەك ئاست و بایەخەوە دەخوێنمەوە. هەستم کرد بەشێکی، کە دەیخوێنمەوە بەر زەین و هەستم کەوتوون. ئەو هەستپێکردنە خستمیە کەسەکەی و سەر هێڵی بەدواداگەڕان و زەینم هوون بکەمەوە، لە کۆ بەر زەین و هەستم کەوتوون. وەك سەرقاڵم دەزراوەکانم تەماركردن. بە بەشداریی گفتوگۆ لە کەسەکەدا ئامادەییەکم لا دروست بوو، ئاگەرچی بە سروشتی خۆم لە کەس و دانیشتندا حەزم لە گوێگرتن و سەرنجدانە، کەمتر خۆم لە مشتومێ و باسکان دەدەم. ئەم بابەتەم لای برادەرانم: (حسام بەرزنجی و مەولوود ئیبراهیم حەسەن و خالید جووتیار و مەسعوود پەرێشان و فەیسەڵ دەهاتی) باس کرد. ئەو پێشنیازیان کرد، بە ئەوەی بچوونەکانم ببەمە بەرگەدار و جێگای بەوا، ئەو سەرچاوانە لەگەڵ خۆم بهێنم کەسەکە. وام کرد و هەموو سەرچاوەکانم لەگەڵ خۆمدا برد بۆردەم میکرۆفۆنی سەر مێزەکە، هەرچی دەزیبووم‌ەوە، کە بە وەرگیراوم دەزانی وەك: بەرگ و نموونە و سەرچاوە، هەم لاپەڕەی شیعرەکە و هەم لاپەڕەی سەرچاوە لەوەرگیراوەکەم پێشانی خوێنەر دا. شاعیریش لە کەسەکەدا لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبوو، دوای ئەوەی

هەستپێکردنەکانی خەمم پێشکەش کرد، شاعیر هیچ وەڵامێکی نەبوو، بەڵام ڕەنگی بە هەموو ڕەنگەکانی هەیە گەڵا. سەرقەڵەمەکان بە هیچ ویست و ئاراستەیەك نەبوو، تەنیا و تەنیا حەز و شەیدایییەکی قووڵی ئەدەبی و جێشکی گەرم نەبێت.
لەم چەندین وێنەیەی پێشانی خوێنەری کەکەم دا، دوو وێنەم تەواو دەتەوێ یاد، کە لە کێشیعری: (زریان)ی ئەنوەر قادر محەمەد وەرگیرابوون.
(تروسکەی تروسکی ئاگری شوانی شەو بە کۆو دامرکا)، نەوزاد
(هەشتبەتم تەزرەی ناوەخت گوڵە حاجیلەت بکوتێت)، نەوزاد
(تەرزەی ناوەخت، بەسەر سەرما دائەبارێ
تە ئاگری ماڵە کوردەکی کەچەر بووی)، ئەنوەر
دەبوواید ئەو حەقیقەتە لەبەرچاوی ئەو خوێنەرە زەر و بە شومارێ ئاشکرا نەکەم. بەوەی نابێت هیچ گیانلەبەرێك بەهەی منداوە دووچاری ناخ شڵەژان و نیگەرانی ببێت، خودایە: (هەموو دەست و دوژمنەکانیشم لە کاری باش سەرخەی). داوای بەخشندەییش لە گوتنی ئەو حەقیقەتە دەکەم، واتە: لەخودی حەقیقەتەکە، کە بە گوتنی، مرۆڤێك دووچاری ناخ شڵەژان و نیگەرانی بوو، بە گومانیشم لە هەستی بە پڵەی خەم.
سەرقەڵەمەکانی من بە ناوی: (شاعیری قەپیچی)یەوە بوو، دوای ئەم هەستپێکردنانە لەخەبوونی و مەرکی ناسراوی خۆی، بە ئومێد بووم و لە هەڵی خوێندنەوە و بایەخی مندا کەوتە پڕاوڕزەوە و بڵاوەم خست، بەوەی زانیم خانەیەکی مردووە لە شیعری نوێی کوردیدا و بارە بەسەر شیعری بگەردەوە.
دیدگا دەگۆڕێت. نموونە: ساڵی 2008 هەرسە بەرگی کتێبی: مەحرەمی ڕاز: شەرحی غەزەلیاتی حافز – ی (ئەکرەم عەنەبی)م خوێندووەتەوە، چەند شوێنکەم بڵاوە گرینگ و سەرنجڕاکێش بووە، هەتم بە ژێردا کێشاون. ئێستا، 2016 جارێکی تر دەیخوێنمەوە هەڵە بە ژێر شوێنی تری دەکێشم و شوێنی تریم بڵاوە گرینگ و سەرنجڕاکێش. ئەم دەخگەینە، گەڵان و خاڵی بینین و دەزینەوە و بەردەوامبوون و پوختکردنەوەی ژیانە.
دوای 33 ساڵ ئەزموون وام لە دەکات بڵێم: شەوەی دەربەینەکەم هەمنیی بیرکردنەوەی کەمێك زیاتر دەویست، یان یاخیبوونێکی کەمێك ووشکنانە و خەبەشتزان و پڕ بوو لە هەستی گەنجانە، زیاتر لە قەوارەی ڕەشنبیریی ئەوسام. ئەگەرچی ئەو بەراوردانەی، کە کردبووم. هەمووپانم وێك: بەگەڵ و نموونە و سەرچاوە پیشان دا، دەستواژەی: (شاعیری قەپیچی) بە هیچ گومان و دە لە دەدانێك دەستواژە و دەربەینێکی هەراسانکار و دەدەنگانەیە. (قەپیچی) ناوێکی بە توکمە بە (دز)، دەکرا ئەو حەقیقەتەی دەزیبووماتەوە بە شوێنکی

نەرمونیانتر ئاشکرام بکردبووایە. بە تایبەتی، کە بینیم شاعیر سەرنجێکی دوورودرێژی ئەکادیمز و کینە لە دڵی دام و دەنگی بە هەموو دەنگەکانی هەیە گەیا. خەم وەک گەنجێکی ئازاردەر هەست پێکرد، خەم ئازار دا و سەرقاڵمەکانی خەمم هەمووی دڕاند، وەک نووسینەک بە بڕاوکردنەوە دامنەشتەوە، بەچوونەکان بوونە جێگای بایەخی زۆرەک لە ئامادەبووان، بەوەی لە کاتی پێشکەشکردنی سەرنجەکانم تەماشای ئامادەبووانم دەکرد، بینیم هەموو لە هەموو لە بچووکیانەوە تا گەورەیان یەک بە یەک خرۆشابوون. من شەژام و حەپەسام، دوای تەواوبوونی کەکە لە دەرەوەی هەڵدا زیاتر لە نیو کاتژمێر بێشکی ئامادەبووان لەگەم وەستان و گفتوگۆی سەرنجەکانمیان کرد، سە لەوانە.
یەکەم: (عەبدوڵا سەراج) بوو، گوتی: (لەم ڕووەوە، دەردی گران و باری گرانی چیرەکنووسانی کورد لە شانی منە، بەڵام من لە شوێنی نەگونجاو و لەناو خوێنەردا لەڕوویان نادەم و ڕووشکێنیان ناکەم.)
دووەم: (ئازاد مەولوود) بوو، گوتی: (ئەم ورد خوێندنەوەیەت هەزکی پێویستت پێ دەبەخشێت.)
سێیەم: (مەحموود زامدار) بوو، بە نەوایەکی پە هاندانەوە گوتی: (ئەی لە ئومێد ئاشنا وردتر، بینووسەوە و بیهێنە تا لە ڕۆژنامەی هاوکاری، یان گۆڤاری بەیان، کامیانت ویست بڵاوی بکەینەوە بە خێندەیەکی گاتەئامێز و پە تەوسەوە دەنگی بەرزکردەوە و دەستی ڕاوشاند: های های، چما ئەم شاعیرە ئەوەیە.)
ئەم دەروازە و زەمینە خۆشکردنە بە سەوی یادەکە: لەناو کتێبخانەکەمدا بووم، هەموو هەستەکانم شەبەنگەوە ناو ئەزموونی کۆشیعری: (نوختەی نوونەکەی ژیان)، لە بەکارهێنانی هەستەکانی و ناخ بە سەرچاوەی هەموو ڕووناکییەک دانان و حیکمەتی ئەبەدی و گەیان بە دوای: (کەسێکی تر) لە خۆیدا، لە ئەزموونی هیچ شاعیرێکی هاوڕێوەی خۆی ناچێت. ژیان لەسادەیی خۆی، لەناو نادیاریێکی خودایێدا ئامادە و مانادار بە بڵاوبوون بە بوونی بەختەوەرییەکی نادیار و ئاسێکی کراوەی نادیاریش. ئەم چەمک و ڕامانی سەرەکییە لەناو شیعری کلاسیکی کوردیدا هەگی لە: (مەلای جزیری و مەحوی و مەولەوی و وەفایی) یەوە دێت و دەگات بەم، ئەمیش بەختەوەرییەکی وەناکراوی تێدا دەزیوێتەوە و سنووری فراوانتر کردووە، زمانیشی کارامانە بەکارهێناوە، لەم جۆرە بەکارهێنانەدا جوانیی زمانی کوردیت لا دەردەکەوێت، کە چۆن لەسەر دەستی داهێنەرانی هەسەنزادەی خۆی، بە پاکی بڕەو پێشەوە دەچێت و پێوەندیت لەگەڵ زمان دەپچڕێنێت، خۆی دەبێتە زمان، هەروەها ئیقاعێکی خاو، بەڵام زۆر سیحراوی بەکارهێناوە.

(یاد)ی کۆم هاتە لام و گوتی: بابە (ئیسماعیل تەنیا)، نامەیەکی بە ئیمەکەت ناردووی، ئەگەر بت بنم لسەر شاشەی کۆمپیوتەر دیخونیتەوە، نووك دەستوبرد وەامکت لە داوابکات. لسەر شاشە چژ لە خوندنەوە وەرناگرم و هەم چاویشم یارمەتیم نادات.
دوای ئەوەی لسەر شانکە هاتمە خوارە و لە شونی خۆم دانیشتم. گنجکی نزیك لە تەمانی خۆم، خاونی سیمایکی منداانە بوو، لە کورسییکەی شانی چپمەوە دانیشتبوو، گوتی: (مامۆستایکی دەستانە و دەست گرتن و ئاستییکی ئاچکەنربوو، ئەم شاعیرەت لە هەڵە ئاگادار کردەوە، لە قووناییی چاڵکی ڕەشدا دەستت گرت بە سەرخستنەوە).
مرۆڤکی داهنەر و لە ناخەوە دەوەمند و پە پرسیار بوو، ئەو لە ناخ دەوەمند و لە چارنووس پرسە: (فوئاد کەریم) بوو، لە چارنووسی دەپرسی، دوای ئەم یەکترناسینمان بووین بە برادەر و هەستی بە هوودەی هەمیشە لە خرشاندا بوو، بە تابلۆی دەگوت: (هاوڕێیە بە وەفاکەم)، چاوەوانی زەری لە ژیان نەبوو، دەیویست تابلۆ ڕەحی ئازی بکات. لە پناو هونەری شۆکاری و ئەدەبدا ژیانی یەکپارچە ببووە یاخیبوون و حزی لە ژیانکی پە ووداو بوو، بەهرەیکی ڕەسنی هەبوو، دەیویست لە هونەری شۆکاریدا بگاتە تریك. هەمیشەش لە شۆکارانی کورد بە ئومەد بوو، شۆکاری لسەر ئاستی جیهان دەویست. هەندك جار ئومەد و داوای داهنانی بەرز دەبووەوە و دەگیشتە پلەی هەڵچوون، دەیگوت: کورد وەنەکشی هەیە، شۆکاری نییە، دوای ماوەیکی کورت هەمن دەبووەوە و دەستکی بە دەموچاوی دادەهنا و دەیگوت: لەگڵ داوای لبووردن لە (سمکۆ تەفیق).
پاش ماوەیك شیعرکم بە ناونیشانی (مووتوربە) لە گڤاری نووسەری کورد، ژمارە (4)ی ساڵی 1986 بڵاوکرایەوە، وك شۆوازی نووسین، شۆوازی ئاساییی و جرە پەیڕەوکی شاعیرانی نوێی پشە خۆم و باوخوازە، بەڵام لە ناوەوەی شیعرکەدا جیا دەبمەوە و شۆوازی دەنگیم بکارهناوە، واتە: دەنگم بسەر وەنەدا دابشۆ نەکردووە. بەکو لە فەرمکی کراوەدا بسەر وشەدا دابشۆم کردووە. لە شۆوەی بڵاوکردنەوەکیدا بایخکی زەری پدرابوو، لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا یەکەم جار بوو ئەم شۆوە بڵاوکردنەوەیە ووبدات، یان لایەنی کەم من بیبینم. ئەو چەند لاپەڕەیی شیعرکی تەدابوو، کرابوو بە ڕەنگکی جیاواز لە ڕەنگی لاپەڕەکانی تری گڤارکە. فوئاد کەریم شۆکار بوو، بەڵام ئاگاداری وردی لبارەی شیعر و هونەری شیعرەوە هەبوو، ئەم کتبە: (پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری) دیاریی ئەم شۆکارە کچکردووەیە، کە هەمیشە سەرخش بوو

بە هاوەنیشتیمانیەتی ڕەنگ. لە پاداشتی خۆشویستنی شیعری (موتوربە)دا. منیش لە نواندنی ئەم وەفایەدا، ساڵی 1988، کە ڕەمانە شیعری (زەوان)م چاپ کرد، یەکەمین دانەم پێشکەش بەو کرد. شاعیر کاتێك دەنووسێت خەمی خۆی و کاریگەرییەکانی دیکە دەیوروژێنێت. دیاربوو خەمی ئەو لەناو ئەم شیعرەی منیدا هەبوو، هەر لە یەکەم یەکترناسینماندا هاوکێیەتیەك، ئەگەر هەفتەیەك یەکتری نەبینین، بیری یەکتر بکەین. لە نەوانمان پەیدابوو، خۆشبەختانە ئەویش وەك من خەمی ئەم لاو ئەو لای نەبوو، واتە: ئایدیالێزیا تەکنیکی دیدگای هونەری نەبوو، خەمی من شیعری بگەرد و خەمی ئەویش تابلۆی بگەرد.

لە بنەڕەتدا شیعری (موتوربە)م پێشکەش بە (ڕەفیق سابیر) کردبوو، گەڤارەکە بە پرسی من پێشکەشکردنەکەیان لادابوو. لادانەکەش بنیاد و ئەندازەی مانا و تێگەیشتنەکەی تێکدابوو، بە ماوەیەکی کورت دوای بڵاوبوونەوەی شیعرەکە، عەسرانێك لەگەڵ برادەرم: (سەباح مەزن) لە قاوەخانەی مەچکە دانیشتبووین باسی شیعرەکە و لادانی پێشکەشکردنەکەمان دەکرد. (عەباس عەبدوڵا یووسف) هاتە نەوانمان دانیشت، دیاربوو تەنگەتاو ببوو بەوەی: دوو لاو بە باشە باسی داهێنانی کوردییان دەکرد، چونکە لە ئەنجامی ئەوەی لە پەراوێزی داهێنراندا ماوەتەوە. ناتوانێت دان بە داهێنان و دەرکەوتن و ڕووخانی و کامڵبوون بنێت، دەرکەوتن و ڕووخانی و کامڵبوونی داهێنەران کابووسە بەسەر سینگییەوە. داننان بە داهێنانی ئەوی دی، داهێنان و دەرکەوتن و ڕووخان و کامڵبوونە. لە گەرمەی گفتوگۆیەکماندا بەچوونی منی داواکرد لەبارەی خۆی، یان سەباح بەچوونی منی داواکرد لەبارەی ئەو، نازانم. منیش بە ئاشکاوی بەچوونی خەم دەربڕی گوتم: دە شاعیری ناکاری وەك تۆ لە کەسەرە بەدەیت و بیتراشیت، تا شاعیرێکی کارای لە پێکبەت شیعرێکی وەك شیعری: (ئەم مرۆڤە)ی ڕەفیق سابیر، کە هەوەستە لە پێناو ژیاندا و دەربڕین لە توانای بەهێزیی مرۆڤ دەکات، بنووسێت. بەچوونەکەم لەناو فەرمێکی زمانی زبردا خستەڕوو. لەو بارەیەوە پێویستیم بە دەڕاگرتن و شەوەی دەربڕینی تر هەبوو، ئەگەرچی ئەم شاعیرەی ئەم بەچوونەم لە بارەیەوە دەربڕی، ئێستا و ئێستاش (لە شیعردا) نەبووە شاعیرێکی چالاك و کاریگەر، خوێنەر دەی پێی خۆش بێت، هیوایەکی داهێنانی لە زەمینەی شیعردا نەڕواند. هەر وەك پەراوێز و خانەیەکی مردوو لە جێستەی شیعری کوردیدا ماوەتەوە و ئەزموونێکی جێگەبی و مەنگڵییە، لە بواری پێکهاتەی میتافۆڕەوش کێش و بەهێستە، لە بنیادیشدا بگەیەکی نەخۆش و خاووخلیچکە، شیعرم تەدا نادەزیوەتەوە، واتە: دڵ و کۆپلەی نیمچە شیعرم تەدا دەزیوەتەوە، بەڵام شیعرێکی تەواو شیعرم

تدا نەدزیوەتەوە، سەخت و سەرسامکار بێت. ئەم بەچوونە حەقیقەتی تەگەیشتن و بیرکردنەوەی منە، ناحەقی تەدا نییە، یان شتێکی لەمە نزیك و لەم بابەتە، ئەوەش دەزانم لەپاڵ ئەو شیعرەی من پەسندی دەکەم. شیعری دیکەش هەیە و خەڵکانی تر پەسندی دەکەن. لەم شەوە جیاوازدا دەبێت بیر لە شەوەی داهێنانی جیاوازیش بکەینەوە.
دوای تەپڵەبوونی هەژ و هەژگارێکی زەر، ئەوجا بەم دەرکەوت ئەم دوو بەچوونەم کاریگەریی خراپی لەسەر دەروونی ئەم دوو برادەرە دروست کردووە و شەڕاندوونی. بەوەی: لە شارچکەی عەنکاوە، لە بنکەی هەشنبیری کلدان، 15/6/2013 لە کەنکی شیعریدا شیعرم خوێندەوە، هەرکە بانگ کرامە سەرشانە، ئەم دوو برادەرە: (عەباس عەبدوڵا یووسف و نەوزاد هەفعەت)، وەك ئەوەی هەواڵی مەترسیەکی لە شەوەی بوومەلەرزەیان پێگەیشتبێت. بەپەلە و هەڕەداوان لە هەنکەدا چوونە دەرەوە و نەیانتوانی گوێم لێبگرن.
من نەك شاعیربم. بەڵکو تەنیا مرۆڤبم، مرۆڤێکی خودایی و هەستی. دەبە دەخەکی تریان بە دروست بکەم و لەم دەخە دەروونییە ناجێگیر و ناهاوسەنگەی بەرانبەر بە مەن بەیان دروست بووە و هەیانە، دەریانبهێنم. داوای بەخشندەیش لە هەستی خەم دەکەم، کە لە دەرەوە بەدواداچوون بە هایکۆ و تانوپێکانی شیعر دەکات و هەزێکی تایبەتی لە دەگرێت، ناشزانێت خەشدووی هیچ کەس و هەکخراو و دامەزراوە و دەسەاتەك بکات، باشیش لە خورپەی دڵی داهێنان و ناداهێنریش گەیشتووە، دەهوونم بە سروشتێکی هاستەقینە، نە بە هەنانی هووبەوو، نە بە ناوونانێرە و لەمەی پاشملە … تاد، نە فریو دەخەم، نە چەك دادەدەم، نە کەسیش لە هەگای کەس دەناسم. هەوە دەدەم تا ئاستی ئەوە بیناسم، تا بەچوونم لەبارێیەوە پێدا دەبێت، بزانم کامە کاکە و کامە تۆکە. ئەمێە: وریایی و وردی و وردەکاری و بیرکردنەوەی نووسین.
لە هەشتایەکان کەی ئەدەبی زەر بەرەوەدەچوو، لە زەرەك لە کەنکان ئامادە دەبووین. دوای تەواوبوونی کەنکان بە پیاسە و بەدەم گفتوگۆوە، یان بەرەو ماڵ، یان بەرەو بازاڕ دەهاتینەوە. گفتوگۆمان هەمووی لەبارەی جیهانی هەمانسی و هەحانی و دەنایدەنی هەحەکان بوو، کەمتر بە لای شەوەکاریەوە بوو، زەرتر بە لای شیعرەوە دەهەیی و لای نەدەدا. ئەمەش هەکارێکی هەبوو، ئەوەندەی ئەو زانیاری لەبارەی هونەری شیعرەوە هەبوو، من ئەوەندە زانیاریم لەبارەی هونەری شەوەکاریەوە نەبوو، کتێبی: (پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری) بە قووڵی چووبووە دە و هەستیەوە، دەیگوت: ئەو شیعرانەی (عەبدوڵا پەشەو) بە ئارەزووی خەی بە وەرگەان هەی بژاردوون و لە هەژنامە و گۆڤارەکاندا باوی کردوونەتەوە، شاکار و نایابترن

لەم شیعرانەی لەم کتێبەدا لەسەر داوای: (محەمەدی مەلا کەریم) وەریگێڕاون.
هەمیشە شیعری: (بۆ هاوڕێیان)ی بە دوو جۆر وەرگێڕان. یەك: لەسەر خواستی: (محەمەدی مەلا کەریم). دوو: لە هێزاردنی چۆژی ئەدەبی وەرگێڕ، بۆراورد دەکرد.
ئەو شیعرانەی هێزاردنی چۆژی ئەدەبی ناچاری کردووە وەریبگێڕێت. هەموو ڕۆژگارێکانی نووسین لەناو پێکهاتەیەکیدا کاریان لێك کردووە، لەیەك کارلێکەکاندا شیعریێت دەردەکەوێ و خەبوونی زمانی ڕۆح و ئەزموون زاڵ دەبێت و دەبێتە ناوکی دەق.

ئەوە هەشتا لەو ڕۆژە زێڕینانەتان ماوە،
شەوە زێڕینانەتان ماوە،
کە خوداوەندەکان پەیان بەخشیون.
ئەوە هەشتا شایانی ئەوەن کچانی شۆخ
بەوردی چاوتان تێ ببڕن.
یاری بکەن، بچن، هاوڕێیانم!
شەوانی کورت بەبادەن،
منیش لە کۆڵێنی فرمێسکەوە
خشبەختیی بە پەروای ئەوە ئەبینم و بزە ئەمگرێ
پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری، ل: 216

لەو ڕۆژ و شەوە زێڕینانەتان هەشتا زەر ماوە،
کەوا خۆاتی خواوەندەکانن.
هەشتا شایانی ئەوەن کیژوکاڵ
بە چاوی تینوو تێتان بڕوانن!
دەسا هاوڕێیان،
بە بەزم و گەمە و گۆرانی گوتن
شەوانی کورتی تەمەن بەڕێکەن
بە شادیی خۆتان مەمی خەندەیەك
لە پشت تەنکی فرمێسکم پێکەن!
گۆڤاری کاروان: ژمارە (3)، کانوونی یەکەمی 1982 ل: 34

تووڕەییەکی خداوەندانە هەمیشە لە ناوچەوانیدا هەمای نائومێدیەکی گەورە بوو، ئەم نائومێدیە هانی دا بە پەڵە لە کوردستانی نقوومبووی شەڕی براکوژی ڕابکات ئەوروپا، لە ڕێگادا شەوێ بەفر دەستی لە بوشنەت و شەهیدی بکات.
جۆرێك ئارەقە لە جەستەی منداڵێ. نە زێڕ، نە زیو، نە کاتژمێر قبووڵ ناکات. قەدی جغارەی باوکم و ئێقەی هاوسەرگیریم و ناوکی

وشك بووەوەی هەر شەش منداڵەکەم بە بایەخەوە لە شوێنکی تایبەتدا هەڵگرتووە. ئەم دیاریەی فوئاد کەریمیشم لەناو پەیکەرێکی کەتان پێچایەوە، لەو شوێنە تایبەتییەم دانا، کە قەدی جغارە و ئەقڵ و ناوکی وشك بووەوەی هەر شەش منداڵەکەمم تێدا پاراستووە، هەموو خەشویستان وەرنە خوونم، تا بزانین ژیانی ئاستەقینە لە خونبینینداید، خون پوختکراوی ژیانە. ژیانیش هەموو ڕەنگەکت ووبەڕووە دەکاتەوە، یان هەموو جارە خەشی و ناخەشییەکی بەدەموەیە.

ئایاری 2016 هەولێر

لە(58)وە بە (140) چارەنووسی کەرکوک لە بەرداشی جەنگی ژمارەکاندا .. نووسینی: ستیڤان شەمزینی

"ئەم شیکارییە پێش 13 ساڵ لە گۆڤاری نەوەند بڵاوکراوەتەوە. ئەگەرچی وا دەبینرێت بابەتەکە کۆن بووە، بەڵام لە ڕاستیدا ناوەڕۆکەکەی هەمیشە بە تازەیی دەمێنێتەوە. تا بیری خوێنەرپشی بخەینەوە کێشەی دەڤاندنی کەرکوک لە دوای ڕوخانی بەعس بە تەنیا بەرهەمی شانزەی ئۆکتۆبەر نییە، بەڵکو شانزەی ئۆکتۆبەر تەنیا کۆتایی ئەو دەڤانەیە لە ڕووی سەربازیی و ئۆتۆریتەی دەسەڵاتی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا لە کەرکوک"

لەگەڵ ناوهێنانی کەرکوک بەدەر لەوەی وێنای شارێکی وێران و فەرامۆشکراو دێتە پێش چاومان، ڕاستەوخۆ بیرمان دەچێتە سەر ئەو کێشە و قەیرانانەی لەنێوان کورد و عەرەب عێراقییەکاندا بە درێژایی چەندین دەیە دروستبووە لەسەر مسۆگەرکردن و خاوەندارێتی ئەو شارە، نەوت یەکێک یان هەموو ئەو هەکارەیە هەمووڵایەک بە وڵاتانی هەرەمی و جیهانیشەوە چاو ببڕنە کەرکوک و شەڕی لەسەر بکەن، چون ئەو سامانە سروشتییە بەسە بە ژیاندنی کەمێکی سەد

ملیۆنی بۆپەی تڕیی و ڕفاهەوە. بەهۆدا نەچووین ئەگەر بڵێین زیاتر لە 90 ساڵە کورد بە قەبارەی خەبات بە رزگاریی و مافی چارەنووس لە هەوەی سەندنەوەی کەرکوکدا بووە. کەرکوک لە بزافی شێخ مەحمودەوە تاکوو ڕۆژی ئەمڕۆمان لە لیستی داواکاریی و خەباتی کوردانەدا لە بەشی سەرەوەدا بووە، گرنگی ئابووری ئەو شارە پایتەختێک بووە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دەستبەرداری نەبن و جەنگی درێژخایەن لەگەڵ خاوەنە راستەقینەکەی (کورد) بەرپا بکەن، پاشان لە ڕێی بە عەرەبکردن و ڕاگواستنی کورد لە شارەکەدا ناسنامەی ڕەسەن و دیمۆگرافیاکەی بشێوێنن، بەڵام کورد هەموو کات داکۆکیی جیددی لەکردووە تا ئەو ئەندازەیەی شەشکی وەک ئەیلوولی بە بە قوربان کراوە.
دوای 9-4-2003 پرسی کەرکوک لە ئاجیندای کوردی باشووردا پانتاییەکی زەری داگیر کرد و لە ڕاستیشدا یەکێک لەو دۆزانە بووە زۆرترین دانوستان و گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و دەکرێت، قانوونی 58 ئیدارەی کاتی و ماددەی 140 دەستووری هەمیشەیی عێراق بەشێکن لەو پلانانەی لەو چوارچێوەیەدا و بە یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کەرکوک داڕێژراون. هەنووکە کاتی یاسایی جێبەجێکردنی ماددەی 140 تەواو بووە و ڕەوشی کەرکوک وەک خەی ماوەتەوە، لە کورد بەنیازی ماوەی ئیزافییە بە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، بەداخەوە ئەزموونی چوار ساڵە و نیوی ماهەنگەی عەرەبی باڵادەستی دوای سەدام حسێن سەلماندوویەتی نیەت باش نییە، هەروەک (محەمەدی حاجی مەحمود) وتی: تەنها یەک مانگە تەقینەوە کەم بووەتەوە عەرەب هەڵشە دەکات کە نابەت نەوت دەربێنین و دەبەت ماددەی 140 دوا بخەین.
پرسیاری هەنووکەیی ئەوەیە: ئایا کورد و ڕێبەرییەکەی هەر دوای کۆی بابردووی بەڵێنی وەهمیی سەرکردە عەرەبکانی عێراق دەکەون؟ یان ئومێدەک ماوە بە جێبەجێکردنی ماددەی 140؟؟ لە کاتێکدا ماددەی 140 پێکخراوە ئایا کورد کارتی هەیە بکاریبێنێت وەک پێکخستنی بەندەکی دەستووریی کە بەرژەوەندیی عەرەبی عێراقی پووچ بسترابێتەوە؟ یان کورد ئەم دۆزە دەباتە ناوەندەکانی دنیا لە چشنی نەتەوە یەکگرتووەکان یان بە بەڵگەی مێژوویی و بەیاری سیاسیی دەست بەسەر کەرکوکدا دەگرێت؟. لە هەموو بارەکاندا تاریکییەکی زەر هەیە و هیچ تروسکایییەک نییە تا هەڵوەست و هەنگاوەکانی داهاتووی کوردمان پێ نیشان بدات لە وەختێکدا نیازی عەرەبکان بە ڕوونی دیارە چییە.

مێژووی کەرکوک

ئەو کاتەی مرۆڤی سەرەتایی فێری چاندن و کشتوکاڵ بوو ناچاربوو دەست لە ژیانی ڕەوەندیی هەڵبگرێت و بیر لە نیشتەجێبوون بکاتەوە، سەرچاوە مێژووییەکان باس لە چەند گوندێکی دیرەکیی دەکەن وەک کۆنترین گوندە کشتوکاڵییەکانی دنیا، لەو لیستەدا ناوی گوندی (چەرمۆ)ی کەرکوک هاتووە و وەک یەکێک لە سێ کۆنترین گوندی جیهان ناوی تۆمار کراوە. بە بۆچوونی (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) کەرکوک یەکێک لە هەرە کۆنترین شارەکانی دنیایە و بەدرێژبینی ئەو (لە قۆچە هەوڵێرە زۆر کۆنترە). بەرسڤی ئەو پرسیارە مێژووییەی کە بوو لەسەرەتاوە شاری کەرکوکی بنیاتنا؟. گەرمە و کێشە و ڕای جیاوازی لەسەر، بەڵام هیچکامیان ناتوانن هاشا لەوە بکەن لە سەرەتاوە کورد یان ئەو گەلانەی کوردیان پێکهێناوە نیشتەجێی کەرکوک بوون و ئاوەدانیان کردووەتەوە (لە مێژوودا سەلمێنراوە شاری کەرکوک لەلایەن لەلەییەکان یان خەریکانەوە بنیات نراوە، ئەم دوو گەلەش ڕەگی سەرەکیان هەبووە لە پێکهێنانی گەلی کورددا). مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، بەوای وایە: کەرکوک یەکێک بووە لە پایتەختەکانی (گوتو-گوتیوم)ی هاوسێی (لولو- لولوبین) کە تەنیا ڕووباری سیروان ئەم نەتەوەی لەیەک دابڕیوە هەردووکیان چەی (کاسای)ن کە لقی گەورەی سوبارتەیە. ڕۆژبەیانی لە درێژەی بۆچوونەکەیدا نوسیوویەتی: لە سەردەمی (نارامسین)ی ئاکادیدا (2400 پ.ز) بە وڵاتی کوردستانیان دەوت (سوبارتو) ئەو حەلە (ئەربخە) کە لەم دواییەدا بوو بە ئەرافا- عەرەفە (واتە کەرکوک) بەشێک بووە لە سوبارتە.

مێژوونووسان هەمای بە دەکەن لە هەزاران ساڵ بەر لە نەوە کەرکوک بەناوی (ئارابخا)وە ناسراوە و هەر ئەم ناوەشە بە تێپەڕینی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووەتە کەرکوک (گەتییەکان کە لە سێ هەزارەی پێش زایینداً لە پەدەشتەکانی شارەزوورداً دەژیان گەیشتنە کەرکوک و دەوروبەری و کەرکوکیان کردە مەڵبەند و جێگای ژیانی خۆیان، لەو سەردەمەدا شارەکە بە ناوێکی نوێوە ناسرا کە ئاویش ئارابخا بوو، گەتییەکانیش ڕەگیان هەبووە لە پێکهاتنی نەتەوەی کورددا). بەگوێ نەویستە شارەکە لەلایەن ئەو پێکهاتە و توخمانەوە بنیات نراوە کە ڕەگیان هەبووە لە خستنەوەی نەتەوە و ڕەچەڵەکی کورددا یان هیچ نەبووبە لە دەرینەوە وەک زەرینەی شارەکە بوونیان هەبووە و تێیدا ژیاون. هەموو ژەدەرە مێژووییەکان (تەنیا ئەوانە نەبێت بە چەواشەکراویی نوسراون) دنیامان دەکەنەوە لەوەی هەبوونی کورد لە کەرکوکدا پێش هەر نەتەوە و نەژاد و گەلێکی تر بگرە لە زەربەی قەناغەکاندا کەرکوک پایتەختی کوردەکان بووە.
تەنانەت عەرەب و تورکمانەکانی لایەنگری فاکتی مێژووییی نکۆییان

لەو راستییە دیرەکییە نەکردووە، تا ئەوەی کتێبی (جوگرافیای سیاسیی) کە دەستێک لە مامۆستایانی زانستگاکانی میسر لە ساڵی 1961 دایانناوە دانیان بەو راستییەدا ناوە و نوسوویانە: کوردەکان دەستێکن لە باکوورەوە هاتوون، خاوەنی دەوڵەتێکی کۆن بوون کە پایتەختەکەی ئارابخایە. لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگە مێژوویییەکاندا بەمان ڕوون دەبێتەوە هەموو ئەو نەتەوە و پێکهاتانەی ئەمڕۆ لە کەرکوک جێگیرن بە هەزاران ساڵ دوای کورد هاتوونەتە شارەکەوە، عەرەبەکان بوونیان لە عێراقدا دەگمەنەتەوە بە سەردەمی غەزواتی ئیسلامیی لە سەدەی حەوتەمی زاینیی و ئەو بۆغدادەی نەبوو پایتەختێکی عەرەبیی دەردەکەوێ ئەوە ڕاژە گوندی (باغی داد)ی کوردان بوو!!، ئەگەر عەرەبەکان بوونیان لە عێراقدا بە چواردە سەدە بگەنەتەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە هاتنیان بۆ کەرکوک لە سەدە تەناپەنەت، لەوانەشە کۆچی عەرەب بۆشۆوەی شوانکارە و تاک تاک بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە بگەنەتەوە لە کاتێکدا کورد لەو مێژووەدا بە هەزاران ساڵ بووە لەو شارەدا ژیاوە.

لە سەردەمکانی دوای غەزوات و فتوحاتی ئیسلامی و هەتا کاتی ڕووخانی دەوڵەتی (قەرەقیونلە)ش بەپێی (اخبار الدول)ی یوسف قارەمانی کەرکوک مەبەندی کورێی ویلایەتی شارەزوور بوو، لەم حاڵەدا لقێکی دەوڵەتی ئەردەڵان فەرمانڕەوای شارەزوور بوو. هاتنی تورکمانیش بۆ ناو کەرکوک بە بەراوورد بە مێژووی کورد لەو شارەدا دوێنێیە، تەنانەت کۆچی تورکمان بۆ نێو عێراق کۆتووەتە دوای هەزاران ساڵی بوونی کورد لە کەرکوکدا. مێژوونووسی تورکمانی (شاکر سابیر ئەلزابت) پێیوایە هاتنی تورکمان بۆ ناو عێراق بە ساڵی (54ک – 674ز) دەگمەنەتەوە کە لەشکرێکی چوار هەزار کەسی بوون و بە سەرکۆتنی خەلیفە نەردرابوون. کۆابوو زۆر درەنگتر ڕوویان لە کەرکوک کردووە و تیایدا جێگیربوون. ئەمە لایەک و لایەکی تریش لەگەڵ کۆچی بەردەوامی تورکمان و عەرەب بۆ ناو کەرکوک (پێش تەعریب و ڕاگواستنی کورد) هەشتا کورد ڕاژەی زێرینەی دانیشتوانی شارەکەی پێکهێناوە. بە وتنە (قاموس الاعلام) نوسیوێتی: سەرژمێریی شاری کەرکوک سی هەزار (30000) کەس لەم ژمارەیە سێ بەشی 22500 کەسی کوردە و ئەویتری تورکمانە، عەرەب و جولەکە (760) و کلدان (460) کەسن.

لەگەڵ گەشەی زیاتری شارەکە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، دیسان کورد هەر زۆرینەی پێکهاتەی شارەکە بووە لەم ڕووەوە سەرژمێریی ساڵی 1957 باشترین بەڵگەی مێژووییە کە دەریدەخات ڕاژەی کورد لە شارەکەدا (187593) کەسە لە بەرامبەردا عەرەب (109620) کەس و تورکمان (83371) کەسن، بەڵام دوای شاوەکانی بە عەرەبکردن ئەم

ڕۆژیە لە زیانی کورد و تورکمان و لە بەرژەوەندیی عەرەب گەلانی بەخێوەو بینی و عەرەب بوونە زەرینەی دانیشتوان، لەگەڵ ئەمشدا فاکتی مێژوویی ئەوە دەسەلمێنێت کەرکوک بەشکە لە کوردستان، ئەگەرچی وجودی هەندێک هەزی عەرەبی وەک (العبید) کە پێش تەعریب لە کەرکوک بوون لەگەڵ تورکمان و کەمینەیەکی کلدئاشوری وەک هاووڵاتی ڕەسەنی شارەکە مایەی نکۆڵی لێکردن نییە، بەڵام ناسنامەی شارەکە کوردییە و دەکەوێتە نێو جوگرافیای وڵاتێکی دابەشکراوەوە بە ناوی کوردستان.

دەزینەوەی نەوت دەزینەوەی نەهامەتی

کوردی داماو و دیلکراوی کەرکوک هەرگیز پێی بە نهێنی ئەو گەورەی سەرسنگی شارەکەی نەدەبرد، ناچار پەنایان بە داتاشینی ئەفسانە بردبوو، پێش ئەوەی باباگوڕگوڕ وەک کانییەکی بە بنی نەوت ناوبانگ دەربکات لای ڕەشکی کوردی ئەو ڕۆژە وەک مەزاری پیاوچاکێک سەیری کراوە و گەڕەکەشیان بە نووری پیرەزی خوداوەند زانیوە، دەماودەم دەگێڕانەوە دایکان بە مەبەستی منداڵبوون چوونەتە سەر ئەم مەزارە نەوتاوییە و لە تیشکی گڵی ئاگری سوور پاڵاونەتەوە و وەک بەیتە شیعرێک وتوویانە: بابا گوڕگوڕ منالە.. وەک تیشکی ئاگری ئاڵە. دەزینەوەی نەوت لە شارەکەدا زۆر کەنتڕە وەک لەوەی باس دەکرێت ئینگلیزەکان یەکەم کەس بووبن نەوتیان لە کەرکوک دەزیبێتەوە، (عەلی مەحمود محەمەد) لە کتێبی (کەرکوک شاری قەڵا و ئاگر و خوێن)دا هەمای کردووە بەوەی لە سەدەی حەقدەیەمەوە (1639) عوسمانییەکان بەشەوەی سەرەتایی نەوتیان لە کەرکوک دەردەهێنا، بەڵام ئەو نەوتە هەر بە بکاربەری ناوخۆیی بوو لە ماڵان و گەرماوەکانی شاردا. دواتر لە ئازاری 1925 کەمپانیای نەوتی تورکی بە فەرمی قەرخی دەرهێنانی نەوتی کەرکوکی کرد. ئیدی ئەم دەرهێنانی نەوتە لەسەر دەستی کەڵنیاڵیزمی بەریتانی پەریسەند و شارەکە بووە سەرچاوەیەکی نایابی نەوت و گازەکانی تر، پاشان لە هەمەتەکانی گەلان بە دوای نەوتدا ژمارەیەکی تر کەڵگەی ئەو شلەیە دەزرانەوە. ڕەنگبە دەزینەوەی نەوت و پەویستی هەزی کار یەکێکی تر لەو هەکارانە بووبێت تاکوو عەرەبەکانی ناوەڕاست و باشوور ڕوو لە کەرکوک بکەن.
بە پێچەوانەی پێشبینی دانیشتوانی شارەکەوە نەوت نەک نەبووە مایەی خۆشگوزەرانی و ڕەفاه بیان بەکو بووە هۆی دژواریی و نەگبەتییەکی گەورە، نەوتی کەرکوک ڕاکێشانی ئەقڵی نارنجەکێک بوو بە هەر چوار لای خۆیدا تەقیەوە و پریشکەکانی بە زۆر دوور ڕیشتن. دەکرێت

بۆژین دژینەوەی نەوت لە کەرکوک دژینەوەی نەهامەتی بوو، سەرەتای کێشەیەک بوو نزیک لە سەدیەکە بە چارسەر ماوەتەوە، چاوچنۆکی رژێمەکانی عێراق و تموحیان لە نەوتی کەرکوکدا هێنانیە سەر ڕێی کوشندەترین بیرۆکەی جەهەنمیی هەر لە تەعریب و شواندنی دیمۆگرافیەوە تاکوو ڕاگواستن و دەرکردنی کورد و سینەوەی ئاسواری کوردیی شارەکە، دیارە پێوەکردنی ئەم سیاسەتە بە تووندوتیژیی و زیانی مرۆیی نەبووە، هەر ئەم هەقیقەتە تاڵیە ناچارمان دەکات بڵێین: نەوت بە درۆژایی تەمەنی دژینەوەی لە زیان بەولاوە چی قازانجکی تری نەبووە بە گەلانی عێراق بە تایبەت بە کورد، لەوانەش نەوت بە پاشەڕۆژیش هەمان ڕەنگی بەرجەستە بکات هەرچەندە لە ئەستاوە بێبەرەکی وەها ڕەنگە لۆژیکی و واقیعبینانە نەبێت.

بە عەرەبکردن و ڕاگواستن

لە دوای دژینەوەی نەوت لە کەرکوکدا ژمارەیەکی بەشوومار عەرەب بە هەی خزمەتەوە لە کەمپانیای نەوتی باکوور ڕوویان لە شارەکە کرد، بەنام هاتنی سیاسیی لە چوارچێوەی پرۆسەی تەعریب و گۆڕینی دیمۆگرافیدا زۆر تازەیە و لەگەڵ هاتنە سەرکاری دەستەی یەکەمی شۆڕشگێڕی عەرەبەکان لە ساڵی 1963 دەست پێدەکات، لەو ڕێکەوتە بە دواوە تەعریب چوارچێوەیەکی سیاسیی بەخۆوە گرت و بووە بەشێک لە ئەجێندای سیاسیی دەوڵەتی عێراق. لەگەڵ هاتنەوە سەرکاری بەعسییەکان لە ساڵی 1968 دیسان بە عەرەبکردن و ڕاگواستنی کورد بە تایبەت لە شاری کەرکوک خێراتر لە جاران دەستی پێکردەوە. ڕۆژنامەوانی فەڕەنسی (کریس کۆچڕا) دەنووسێت: بەعس پاشان کە لە ساڵی 1968دا هاتەوە سەر حوکم جارێکی دی بایدایەوە سەر هەمان سیاسەتی عەرەباندن، هەر لە سەرەتاوە سوپا دانیشتوانی کوردی لە ناوچە ستراتیژییەکان واتە لە ناوچە سنووریی و نەوتاوییەکاندا وەدەرنا، گوندەکانی کوردی بەردومان کرد و بە بەلدۆزەر تەختی کردن، بەمجۆرە تەنە لە ناوچەی کەرکوک نزیکەی 40 هەزار کورد لە ماڵ و گوندەکانی خێیان وەدەرنران.

ئەم قۆناغی سەرەتایی بوو قۆناغێ چڕ و پڕکان لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستیان پێکرد تاکوو کاتی ڕوخانی بەعس لە بەهاری 2003. پرۆسەی تەعریب هەر بەوە نەوەستا میتەدی خوێندن و زمانی فەرمانگەکان بکاتە عەرەبی بەکو ئەم کردەیە تابلۆی سەر پشانگاکان و ناوی قوتابخانەکانیشی گرتەوە و دواتر لە بڵاوبەرەتی ڕۆگزنامە و باری کۆمەڵایەتی ناوی کوردیی بەرەو

قەدەغەکردن و سینەوە چوو. دوای هەرەسی 1975 ناوی قوتابخانەکان کە لە دوای رەکەکوتنی ئاداری 1970وە کرابوون بە کوردیی جارێکی دی کرانەوە بە عەرەبی، بە نموونە کاوە کرا بە (معاز بن جبل)، کوردستان بووە (عبدالملک بن مروان)، قوتابخانەی زەوەر گۆڕا بە (الاندلس)، ئازاد کرا بە (میسلون) و کتێبخانەی ئاسۆ کرا بە (الطلیعة) و دارا کرا بە (العروبة). هاوشانی پرۆسەی تەعریب، راگواستنیش لە کێپسەندندا بوو، لە ساڵی 1981 بەیاری ژمارە 1391 مەجلیسی سەرکردایەتی شۆڕش لە تۆی 16 خاڵدا دەرچوو کە باس لە دروستکردنی 20 هەزار خانوو لە ناوچەست و باشوور و راگواستنی چەندین کارمەند و کارگەری کورد لە کەرکوکەوە دەکات بە باشووری عێراق، بەڵام بەهەی سەرقاڵیی رژێم بە جەنگی ئێرانەوە تێگەڕ کاوتە بەردەم جێبەجێکردنی تەواوی بڕیارەکە.
بە عەرەبکردن و راگواستن ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر شێواندنی دەخی کەرکوک داناوە کە لە حاڵی حازردا کەسپی گەورەی لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەی 140 هەناوەتە ئارا، بگومان ئۆگەر هەکارەکانی تەعریب و تەهجیر لە ئارادا نەبوونایە نهە کەرکوک بە ئۆتۆماتیکی لەسەر کوردستان بوو (هەروەک سلێمانی و هەولێر) یان سندنەوەی ئاسانتر دەبوو. (جەلال تاڵەبانی) لە یەکێک لە وتارەکانیدا لەمەڕ سیاسەتی عەرەباندن دەنووسێت: شار و پارێزگای کەرکوک ڕووبەووی سیاسەتی پاکتاوی نەژادیی بووەوە، ئۆپۆزیسیۆنی پیلانگێڕی نەگریس کە سەدام حسێن بە وەدیهێنانی چەندین مەبەست پێیەوەی کرد:

1- دەرکردنی کورد و تورکمان و ئاشووری لە زێدی باب و باپیرانیان.
2- نیشتەجێکردنی عەرەب وەک (مستەوتین) نیشتەجێکراو نەک وەک هاووڵاتی کەرکوک و دەوروبەری ئۆپۆزیسیۆن بە ڕەگەزی ئارەزووپێکردن و هەڵشۆ.
3- نیشتەجێکردنی عەرەبی شیعە لە شارەکەدا بە مەبەستی بەرپاکردنی فیتنە لەنێوان کورد و بەرا عەرەبە شیعەکانیان و تێکدانی ئۆپۆزیسیۆنی ستراتیژیی نەوانیان.
سەدام حسێن و دەوڵەتەکەی سەرکەوتوو بوون لە شێواندنی دیمۆگرافیای کەرکوک و ئاڵەزیی دروستکردن بە گۆڕانەوەی ڕەوشی شارەکە بە دەخی پشانی، لە دوای روخانی رژێمی بەعس تەعریب و راگواستنی کوردی کەرکوک ڕاوەستا، بەڵام کارکردن بە گۆڕانەوەی عەرەبی هاوردە و گۆڕاندنەوەی دەخی شارەکە بە باری راستەقینەی خۆی هیچ هەنگاوێکی نەناوە. راستە تەعریب ڕاوەستاوە، بەڵام شوێنەوارەکانی هەر کاریگەرە، عەرەبی بادەستی دوای بەعسیش خۆیان لادەدەن لە کارەکی لەو بابەتە، هەندجار بەو بۆیە دەگەین ئەمانیش لەبەر لاوازیی و

گرفتاریانە بەدەست تیرۆرە ئۆگینا بردەوامی بە رامیاریی عەرەباندن و راگواستن دەدەن. راستە بەعس وەک ئەنزیمە و دەسەلات رووخا، بەڵام پەروەردە و فەرهەنگی بەعس هێشتا رەحەکی زیندووە، لە نموونەی پرسی کەرکوکدا تەدەگەین، ئاوەی رووخا لە 2003 تەنیا بتەکەی سەدام بوو، ئۆگرنا هێشتا کولتووری سەدامیزم کولتووری باڵادەستی سیاسیی و کۆمەڵایەتییە لای عەرەبە عێراقییەکان.

بزافی نیشتیمانی کورد و کەرکوک
(بزافی بارزانی وەک نموونە)

لە شێخ مەحمودی حەفید مەلیکی کوردستان قۆمەڵەوی حکوومەتەکەی بەرتەسک و سنووردار بوو (لە باشترین حاڵەتدا لە سلێمانی و دەوروبەرەکەی تەنەدەپەی)، بەڵام هەرگیز نایدەویست دەست لە کەرکوک وەک بشکێک لە کوردستان هەڵبگرێت، ئارەزووی دەکرد کەرکوک بخاتە سەر قۆمەڵەوی حکوومەتەکەی. مەلیکی کوردستان لە مانگی دیسامبەری 1922 دوو کەرکوکیزادەی وەک یاریدەدەری خەی دامەزراند تاکوو بەو بیسەلمێنێت کەرکوک بە بشکێک لە حکوومەتەکەی دەزانێت، لە کەتایی هەمان ساڵیشدا "رۆژی کوردستان" هەواڵی سەردانی سەرۆک عەشیرەتەکانی کەرکوکی بە سلێمانی باوکردەوە!!. نوێنەرانی تری بزافی نەتەوەیی کوردستان لە پێش هەر هەموویانەوە (مستەفا بارزانی) بەردەوام داکۆکیان لە کوردستانییەتی کەرکوک کردووە و فایلی کەرکوکیان وەک میحوەریترین فایل بردووەتە سەر مێزی دانوستان. مستەفا بارزانی بە دیاریکراویی لە ماوەی چواردە ساڵی شەشی ئەیلوولدا بە شێلگیریی داکۆکیی لە کەرکوک وەک (دڵی کوردستان) کرد و زەربەی هەرە زەری ئاگربە و مفاوەزاتکانیش بەهەی سووربوونی بارزانی لەسەر کوردستانییەتی کەرکوک ساردیی تەدەکەوت و رووی لە شکست دەکرد. ئەمە لە زەرینەی سەرچاوە مێژووییەکان و خوێندنەوەی بیوگرافیی کەسایەتییە سیاسییەکاندا پێداگریی بارزانی لەسەر کەرکوک وەک فاکتێکی دیرکیی دەدەزینەوە.
(لە راستیدا رێبەرانی بەعس ئامادەبوون هەرەمێک بە کوردان دیاری بکەن وەک چۆن ئینگلیزەکان لە ساڵەکانی 1919 و 1924 ئەمیان لەگەڵ شێخ مەحموددا کردبوو، ئاوانیش لاریان لەوە نەبوو شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆکیان بدەنە، گیروگرفتی کارەکە کەرکوک بوو. لە هەوڵەی ئازاری 1970دا چ کارێک سەری نەگرتبوو، بە گوتەی د.مەحمود عوسمان رێبەرانی بەعس لە هەوڵی ئەوەدا بوون ناوچە کوردنشینەکانی کەرکوک و هەموو ناوچە نەوتییەکانی دی لە کوردستان دابڕن). بەعس ماوەی چوار ساڵی ئاگربە و گفتوگۆ 1970– 1974یاری بە کات دەکرد

لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و دەستی دەستێی بە داوای سەرکردایەتی ئۆکاتی کورد دەکرد لەمەڕ کەرکوک، لە بەرامبەردا ژنەراڵ بارزانی مکوبوونی خۆی و شێشی نیشان دەدا دەربارەی کەرکوک و هەندە ناوچەی تر کە لە ڕۆژهی بەعسدا بوون بە تەعریب!، چون نابێت لە بیری بکەین بەعس لە پرۆسەی تەعریبدا تەنە ڕووشی کەرکوکی تەکنەداوە بەکو کاری لەسەر زەر ناوچەی تری کوردنشین کردووە هەر لە دەوروبەری هەولێرەوە تا دیالە و موسڵ و تکریت. تەنانەت یەکەک لەو پاێنەرانەی بووە هەی هەگیرساندنەوەی شەڕ لەنێوان هەردوو لایەنی کوردیی– عەراقی لە ساڵی 1974دا، مکوبوونی بارزانی و سەرکردایەتی شێشی ئێلوول بوو لەمەڕ کەرکوک. بەو پێیەی بەعس هیچ کات ئامادە نەبوو، دان بنێت بە کوردستانیبوونی کەرکوک و ناوچە نەوتاوییەکانی تردا، فاکتەرەکەش زیاتر ئابووری بوو، چوونکە بەعس چاوی لە سەرکردایەتیکردنی ئومەی عەرەبی ئەمەش بە ئابووریەکی بەهێز مومکین نەبوو.

(کریس کۆچێرا) دەنووسێت: ڕۆژی 9-3-1974 (غانم عەبدولجەلیل) ئەندامی سەرکردایەتی هەرەمایەتی عەراق و بەرپرسی کاروباری کوردستان دێتە لای (ئیدریس بارزانی) و دەڵێت: لە 11-3 بە دواوە پانزە ڕۆژتان هەیە تا پێشنیارەکانتان لەمەڕ دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئێتنەمی بخەنە ڕوو، دەربارەی کەرکوک دەبێ یەکەک لەم دوو پێشنیارە هەبژێرن: یان ناوچەی کەرکوک لەلایەن دامودەزگایەکی هاوبەشەوە بەڕێوە ببرێت و لە سایەی حوکم و سەرپەرشتیی دەوڵەتی مەرکەزیدا بێت یان پارێزگای کەرکوک دابەشبکرێت و دوو قەزای بخرێتە سەر ناوچەی ئێتنەمی و ئەوی دیکەشی بە دەوڵەتی ناوەندیی بێت!!. (ئیدریس بارزانی) باسی سەرژمێریی دەکات، (غانم) دەڵێت: هەرگیز دەگەڵ ئەنگەدا سەرژمێریی ئەنجام نادرێت!، کاتەک (ئیدریس بارزانی) بیری دەخاتەوە سەرژمێریی بە یاسا بەیاری لەسەر دراوە، (غانم) دەڵێت: بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نا! (ئیدریس بارزانی) بەیار نادات بە ئەو مەبەستە دەگەڵتەوە بە لای (مستەفا بارزانی) بە پێچەوانەی پێشنیارەکەی (غانم)ەوە بارزانی دەڵێت: کەرکوک بە ئەمە و دوو قەزا بە دەوڵەتی ناوەندیی. دوای یەک ڕۆژ (غانم) کاتژمێر 10 شەوی 3-10 بە تەلەفۆن بە (دارا تەفیق) دەڵێت: داواکاریەکانتان بە وردە و درشتەوە ڕەفز کراون، ئیدی ڕۆژی 3-11 (دارا تەفیق) بە ئۆتەمبیل لە بەغدادەوە دەگەڵتەوە، بەمجەرە پەیوەندیی نێوان کورد و عەراق دەپچڕێ و شەڕ هەدەگیرسێتەوە. ماوەی ساڵێک شەڕ بەردەوام بوو، کە دەتوانین بە شەڕی کەرکوک ناوزەدی بکەین، سەرەنجام شێشی کورد بە ڕکەوتنی سەدام و حەمەزا شا لە پەڵاوێزی کۆنگرەی ئۆپیک لەسەر دەستی (هەواری بەمەدیەن)ی سەرکی ئۆوسای جەزائیر و

پشتەکردنی ئەمریکا و کسینگەر تووشی هەڕەس هات و بووە قوربانی کەرکوک.

ون بوون لە ناوان هەردوو ژمارەی (58) و (140)دا

لەگەڵ داوخانی بەعس (2003) سەرکردەکانی کورد رووبان لە بەغداد کرد وەک پایتەختی چارەسەر، کەچی لەولاوە کەرکوک لە نەو پشووبی و فەوزایەکی گەورەدا گیری خواردبوو، زەربەی چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە دەبوایە سەرکردایەتی کورد رووبان لە کەرکوک بکردبایە وەک بەگەی سەلماندنی کوردستانییەتی شارەکە و شاری گفتوگۆ، بە پێچەوانەوە سەرکردەکانی کورد چارەنووسی شارەکەیان بەستەوە بە ماددەی (58)ی قانوونی ئیدارەی کاتیی و پاشان لەحیمیان کرد بە ماددەی 140 دەستووری هەمیشەیی عێراقەوە، بەڵام وەک هەمیشە سەرکردەکانی عەرەب گەمەی ناشەریفانە دەکەن و لە هەوڵی کات کوشتندان، بە درێژایی تەمەنی سێ کابینەی (عەلاوی– جەعفەری– مالکی) هیچ هەنگاوێک لە دوو ماددەی قانوونی و دەستووریی نەچووەتە پێشەوە، خەریکە کەرکوک لە ناوان هەردوو ژمارەی (58) و (140)دا ون دەبێت، چون عەرەبی عێراق بە شیعە و سوونناوە، بە توندئاژۆ و میانڕەوەوە کەکن لە دەستی دەستی کردن بە چارەنووسی کەرکوک، هەرچەند لایەک رایدەگەیەنن پابەندی دەستووری عێراق و قانوونن، لەلاکەی ترەوە بە کردار کەسپ و تەگەرە دەخەنە بەردەم جێبەجێکردنی بڕگەکانی دەستوور بە تایبەتی ئەوانەی لەبەرژەوەندیی کوردن، بە وتنە (ماددەی 140)!!. کوردیش خەی هیچ گووشارێکی نییە بە جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییە، کە بەوام وایە لە ستراکتەرەوە بردنی کەرکوک بە نەو گۆڕاوی دەستووری عێراقی هەڵە هەرە کوشندەکەی کورد بوو.

ئیاد جەمالەددین، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی (العراقیە) رایدەگەیەنێ: سەبارەت بە کەشەی کەرکوک ئەمە باوەڕمان بە چەسپاندنی دەستووری عێراق هەیە کە دەستوورێکە پەسەند کراوە، بەڵام جارە کەمەک را و بۆچوونی جیاواز و کەشە هەیە بەبە چارەسەر ماونەتەوە. دەربارەی ئەوەی کات تەپڵیوە (جەمالەددین) وتی (کات بەسەر هەموماندا تێپەڕ دەبێت و ناوەستێت!!). (جەمالەددین)ی بەحیساب میانڕەو و دەست و مەعشووقی سەرکردایەتی سیاسیی کورد، وەک ئەوەی لە مزگەوتەکدا دانیشتبێت و وەعز بدات بە موریید و فەقێکانی دەپەیقێت و هیچ هەڵوەستەکی روون و مەلموس ڕاناگەیەنێ، ئەمەش لەژیکی کەی سەرکردە عەرەبەکانی عێراق لەمە پرسی کەرکوک و کورد. بەیەکا هەموو رژێک لە ڕگەی دەوڵەتی

ناوەندیی عێراقەوە کەسپ و تێگەرە دروست دەکرێت لە راستای جیابجێکردنی ماددەی140. (قادر عەزیز) نوێنەری سەرکی هەرێم لە لیژنەی جیاجێکردنی ماددەی 140 پێش ساڵێک رایگەیاند (لە بەغدادەوە بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی دواخستنی جیابجێکردنی ئەو ماددەیەن تاکوو ئێستا کاتێکی زۆر ڕەیشتووە و هیچ نەکراوە، ئێستا ماوەیەکی کەمان لە بەردەستدا ماوە بۆیە دەبێ چیتر کات بەفیڕۆ نەدەین). بە هەمان شێوە (نەرمین عوسمان) سەرکی لیژنەی دارایی ماددەی 140 و وەزیری ژینگەی عێراق ساڵی ڕابردوو یەکێک لەو کێشانە دەخاتە ڕوو کە ڕێگرە لە ڕاستای ئاسایکردنەوەی ڕەوشی کەرکوک و دەڵێت: دەستەی کێشەی موکداریی کە ماوەی سێ ساڵە 10 دە هەزار کێشەی لە بەردەستە و کاری لەسەر دەکات تا ئێستا 800 کێشەی جیابجێ کردووە بۆیە ئێگەر چاوەڕێی ئەم دەستەیە بین بۆ 10 ساڵی دیکەش ئەم مەسەلەیە تەواو نابێت.

هاوزەمان پارێزگاری کەرکوک ڕایگەیاندبوو ئەم دەستەیە کارەکانیان سستی زۆری تێدایە و ناتوانێت بە گوێرەی پێویست بێت و لەو ڕووەوە نیگەرانیی خۆی نیشاندا بۆ ئەوەی مەسیجێکی بگاتە گوێی سەرکردایەتی کورد، بۆ تایبەت (نەرمین عوسمان) لە هەمبەر ئەم پرسانە داوای بۆیارێکی سیاسیی کردبوو. یەکێک لەو کێشە و گرفتانەی تر لەو ماوانەدا بۆ ماددەی 140 دروستکرا لابردنی سەرکی لیژنەکانی جیابجێکردنی ماددەی 140 بوو کە بۆ ماوەی پێنج مانگ لیژنەکە بێبەش سەرکی مایەوە!!، ئەمەش کاری کردە سەر چەندێتی بەڕێوەچوونی هەنگاوەکان و قۆناغەکانی ئەو ماددەیە. لە مانگی تەممووزی 2007 سەرچاوەیەکی نزیک و ئاگادار لە لیژنەی جیابجێکردنی ماددەی 140 بۆ گەواری (بزاو)ی ڕاگەیاند (زیاتر لە دوو مانگە هاشم شبلی سەرکی لیژنەی جیابجێکردنی ماددەی 140 دەستی لە کار کێشاوەتەوە و هەکاری دەست لە کارکێشانەوەکەشی بۆ ئەو تەمەتانەی نووری مالیکی دەگەڕێتەوە گوایە شبلی بەرتیلی لە کورد وەرگرتووە و بۆ بەرژەوەندیی کورد کاری کردووە). سەرچاوەکە ئاماژە دەکات بۆەی (قادر عەزیز) پێشنیاری دانانی سەرکەکی نوێی کردووە بۆ ئەو ماددە دەستووریە، بەڵام مالیکی ئاستەنگ دروست دەکات. ئەوەی لەم نەوەندەدا تراژیدیای خولقاندووە دەستبەردار نەبوونی سەرکردایەتی کوردە لە بەغداد، کارەساتەکە چەند بەرابەر گەورە و قەبەترە دەبێتەوە کاتێک دەبینین بەرژەوەندیی ئابووری و پشکداریی لە بودجەی عێراقدا سەرکردایەتی کوردی بردەتە خۆکی قووڵەوە لە بارەی دواڕۆژی سیاسیی کەرکوک.

وەلێ (محەمەدی مەلا قادر) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی

رایدەگەیەنێ (نیەت بەرامبەر ماددەی 140 خراپە، نیەتی مالیکی خراپ نییە، بەڵام نیەتی چوار دەوری مالیکی هەتا ئێندامانی لیستی ئیئتلاف خراپە و دژن)!!. کەچی رووداوەکان پێچەوانەی ئەو دەربینەی نیشاندراین لەبەرئەوەی مالیکی بە کەسپ دروستکردن و سستی و کەمتەرخەمیی دژایەتی خەی بە ماددەکە ئیسپات کرد. بەدەر لەوە هەندێک لە نیارە نوێکانی ماددەی 140 هەوەددەن گیان لە دەستووریکدا دروست بکەن، وەک (ئازاد جندیانی) ئاماژەی بە کردووە (ناحەزانی ماددەی 140 بە رووتی لەوە حاڵین کە ناکرێ دەستوور پشتگوێ بخرێت، بەڵێ زەربەی جار گومان دەخەنە سەر دەستوور بە بیانووی ئەوەی گوایە لەهەڵومەرجێکی ناجێگیردا نوسراوە و پەسندکراوە بەڵێ دەکرێت لە هەندێکی پاشگەز ببینەوە). کورد وتەنی ئەم "باڵێ لەو کونەوە بێت ئەمەش نەبێت سبەی شتێکی زەر خراپ هەر دەقەومێت، قەومانەکەش لەنەوان دوو ئاگردایەیان لەجیکی هەز زاڵ دەکرێت بەسەر هەزی لەجیکدا کە یاسا و دەستوورە، یان ئەو دەستوورە لە قەناغەکانی دادە بە زەرینەیەکی عەرەبیی و شیعیی لە پەرلەمانی عەراقدا دێتە گۆڕین، لانیکەم عەرەبەکان هەوەددەن لەبی بکەن بە گۆڕینی ئەو بەندانەی دەستوور کە لە بەرژەوەندیی کورددان.
جیا لەوەش کە حکوومەتی عەراق کلکی ئێرانە و حکوومەتێکی سەربەخۆ نییە، تورکیا لە رەگەی بەکارهێنانی کارتی تورکمانەوە رەنجی هەیە لە تاگەرە خستنە بەردەم ماددەی 140، لە ناوخەی کەرکوکیش جگە لە کورد کەی گشتیی پێکهاتەکانی ئەو شارە دژی ئەو ماددەیەن. د.مەحمود عوسمان ئەم رایە پشتڕاست دەکاتەوە و دەبڵێت: لەناو شاری کەرکوک کەمەک بەعسییەک و ئەو تورکمانانەی لەگەڵ تورکیادان تا رادەیەک دەور دەبینن و داوا دەکەن هەر ریفراندەم نەکرێت، بەگومان ئاستەنگێکی زەر هەیە لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە. بەشەویەکی گشتیی چارنووسی کەرکوک لە گۆڕاوی ماددەی 140 و کەسپ و تاگەرەکانی حکوومەتی عەراق و حکوومەتەکانی ناوچەیی ون بووە و کوردیش لەو نەوەندەدا نەک یاریزانێکی چەلەنگ و لەهاتوو نییە بەڵکو تەماشاکارێکی باشیش نییە.

ئەدای سەرکردایەتی سیاسیی کورد

هەڵوەستی سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەمەڕ کەرکوک هەڵوەستێکی جێگیر نییە و زەدەتر وابەستەی جەری پەیوەندیی کوردە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی، بەڵام ئەدای کورد لە کەرکوک خراپترین شێوە مامەڵە بووە. محەمەد فەرەج ئێندامی پەرلەمان و ئێندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی پێیوایە (ئاگەر سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بە

تەسەوفاتکی عادیلانە و حکیمانە مامەڵەیان بکردبایە هەر ئەو کاتە ماددەی 58 جێبەجێ دەکرا). هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان لە کەرکوک زیاد لە هەر کارەکی تر بە حزبایەتی تەسکەوە خەریکن، غەمی حزب پێش غەمی نەتەوە و چارەنووسی کەرکوک کەووتووە، ئەم حاڵەتە یارمەتی چاکی هەندە تورکمانی شۆڤێنی و عەرەبی هاوردە و گروپی تیرۆریستی داوە جگە پە لە کەرکوک قایم بکەن و زیان بگەیەنن بە ڕەوتی پێشڤەچوونی ماددەی 140ی دەستووری عەراقی. عوسمان بانیمارانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی سۆز، دەربارەی ماددەی 140 و دواکەوتنی ریفراندەمی کەرکوک دەڵێت (بە پلەی یەکەم بە سەرکردایەتی سیاسیی کورد و دووەم ململانێی یەکێتی و پارتی لە ناو کەرکوک دەگەڕێتەوە، ئەوان شەرمیان شکاوە بەرامبەر بە دوژمنەکانمان لە کەرکوک). ململانێی توندی حزبی و دەستگەریی لە هەر شارێکی تری کوردستان بێت زەر ئاسایی، بەڵام لە کەرکوک بە سنوور سامناکە، ئەگەر ئێستا دەرئەنجامەکانی بریتی بێت لە دواخستنی ماددەی سەد و چلی دەستووری عەراق، هیچ دوور نییە لە ئایندەیەکی نزیکدا ببێتە هەکاری لە دەستچوون یان کارەساتی گەورەتر لە کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان.

سەرقاڵییەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە بەغدادەوە دیسان زیانێکی زۆری داوە لە دۆزی کەرکوک، چون وا پێویست بوو سەرکردەکانی کورد بارگا سەرکییەکان و مۆزی گفتوگۆیان لە شاری کەرکوک بوایە، ئەم پرسە نەک کورد بگرێ لایەنەکانی تری ناکوردیش دەرکی دەکەن و دەیبینن. بە بەوای بەرپرسی مەبەندی کەرکوکی حزبی ئیسلامی عێراق، کورد کەمتەرخەمە لە پارێزگای کەرکوکدا و لەو بارەوە رایدەگەیەنە (هەموو حزبەکان بە حزبە کوردییەکانیشەوە هەر خەریکی بەغدادن، ئەگەر ئەو حزبە کوردییانە سەیری ئایندەی کەرکوکیان بکردایە و ئەو هەڵانەیان نەکردبا ئێستا ڕەنگی تریان دەبوو). لەوانەیە لاوازیی پێگەی کورد لەوەدا بووبێت نەیتوانیوە گووشارێک بە قەبارە و چڕشنی گووشار بە گەینی جێعفەری یان وەرگرتنی ڕۆژی زیاتری داهات لە بودجەی عێراق بە جێبەجێکردنی ماددەی 140 دروست بکات، نووکە نازانرێت نەگرتنەبەری ئەو ڕێگە و جۆرە گووشارە نائاگایی لە پشتەوەیە یان کەمتەرخەمیی؟!، بەڵام دیمەنی زاڵ و ڕەوتی ڕووداوەکان زیاتر لەو ڕایە نزیکمان دەکەنەوە کەمتەرخەمیی لە پشتەوە بێت. هەر کەمتەرخەمییەکیش لە پرسە گرنگ و هەستیار و چارەنووسسازە نیشتمانییەکاندا بە هەڵە دانرێت، بەکو فەرمکە لە خیانەتی نیشتمانیی.
(قادر عەزیز) لە سەروتاری ژمارە (737)ی ڕۆژنامەی (ئاسۆی

ئازادی)دا دەنووسێت (دیارە جێبەجێنەکردنی ماددەی 140 لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا هەر لە سەرەتاوە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، چوونکە نە حکوومەتی بەغدا لە جێبەجێکردنی ماددەکە جیددی بوو، نە لایەنی کوردیش لەبەرامبەردا توانی بەغداد ناچار بە جێبەجێکردنی ماددەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بکات). باوەڕ دەکەم گرنگترین کەمتەرخەمی سەرکردایەتی کورد شەرمنی و سازش بووە پاشان سستی لە هاندانی ئاوارە کوردەکان بۆ گەڕانەوە بۆ کەرکوک و هەوێنەدان بۆ ناچارکردنی عەرەبی هاوردە تا بچنەوە جێگاکانی پێشوویان، چوونکە کارێکی لەو بابەتە بە دوو رێگە مەیسەر دەبێت، یەکەمیان بەیار و ئیرادە، ئەویتریان قەرەبوو و هاوکاریی و دەستگیرێکردنی دارایی و لۆجیستی. (قادر عەزیز) چواردە مانگ بەر لەم چرکەساتە رایگەیاند: ئەگەر ئەمە پارە هەبێت بەیانی دەتوانین عەرەبە هاوردەکان بگەڕێنینەوە شوێنی خۆیان. (مەلا بەختیار)یش ئێندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی (ی.ن.ک) بۆی پارەکە بە ئەو کارە دەستنیشان دەکات و دەڵێت (کەرکوک بە 100 ملیۆن دۆلار ئاسایی دەبێتەوە، ئیتر لەسەر چی وەستاوین؟). پرسیارەکە ئەوەیە شارەکی بایەخدار و مێژوویی و پڕ داهاتی وەک کەرکوک نرخی سەد ملیۆن دۆلاری نییە لای سەرکردایەتی کورد؟ یان سەرکردایەتی کورد کەمێک بازرگانی بەپێلەن و چاویان لە قازانجی خۆرا و بە دەستمایەیە وەک ئەوەی لە بەشی کوردستان لە بودجەی عێراق وەچنگیان دەکەوێت؟. ئەمە ئەو پرسیارەیە خەریکە دەبێتە پرسیارێکی ماقوول و جیددی.

بەداخەوە دارایەکی زۆر لە کێنەوەی لایەنگرانی یەکێتی لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە بەفیڕۆ دەبرێت و کەرکوک سەنتەکی تەدا خەرج ناکرێت، لە شارەکانی تری کوردستانیش زیاتر لەو بڕەی (مەلا بەختیار) دەستنیشانی کردووە لە گەندێیدا ون دەبێ یان دەدرێت بە دیوەخان و تەکیە و هەندێک مشەخۆری راهاتوو لەسەر تەوزەلی و لەحاست کەرکوکیش دەستکانیان نوقاندووە و چاوەڕێی داگیرکەران خەیان دەکەن پێشکەشیانی بکاتەوە!!. چەندان جار نوێنەرانی عەرەبە هاوردەکان لە ڕێی میدیاکان و سەردانەکانی کوردستانداڕایانگەیاند: ئامادەی گەڕانەوەن بۆ مەرجی قەرەبووکردنەوەیان، چوونکە بەبێ قەرەبووکردنەوە هیچ هەکارێکی ماقوو لە ئارادا نییە بۆ جەهەشتنی جێگە و رێگەیان لە کەرکوک یان بۆ بۆ زەر ناردنەوەیان بۆ ناوەڕاست و باشوور.
(حوزەیر حەسەن ئەلحەمدانی) ڕێکخەری گشتیی لە لیژنەی لێکگەیشتن و چارەسەری نیشتمانی، پاش دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند ئەندام پەرلەمانێکی کوردستان بۆ (ئەی. ئەف. پی) راگەیاند (ژمارەی ئەو

خەزانانەی ئارەزوویان لە جەهەشتنی کەرکوک هەیە دەگاتە 12500 خەزان واتە 80 هەزار کەس، بەڵام هەواوەستمان هەیە لە بارەی بەیاری حکوومەتەکەی نوری مالیکی). مەبەست لە بەیارەکەی حکوومەتی مالیکی دابەزاندنی رێژەی پارەی قەرەبووە لە20 ملیۆن دینارەوە بۆ 10 ملیۆن دینار. سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان نەک هەر نەیتوانی لەسەر بودجەی هەرێم هاوکاریی و قەرەبووی عەرەبی هاوردە بکاتەوە یان ئەو بڕەی مالیکی کەمی کردووەتەوە پێی بکاتەوە، نەشیتوانی گوشار بخاتە سەر کابینەکەی مالیکی تا بەرنامەی قەرەبووی عەرەبی هاوردە و کوردی دەرکراو وەک خۆی لەبکاتەوە لە قازانجی رێچکەی یاسایی و ئاسایی جێبەجێکردنی ماددە دەستوورییەکە، ئەم غەمساردییە بۆ تۆنیا لەسەر عەرەبی هاوردە کاریگەریی نەبووە بەڵکو رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کەی کوردە ئاوارەکانی کەرکوک هەبووە کە هەنووکە لە شارەکانی تری کوردستان دەژین و نەگەڕاونەتەوە بۆ زێدەکەیان تا بە ئومێدبن لە گەڕانەوەیان بۆ کەرکوک و لەو بارەوە کەمتەرخەمیی بنوێنن. لە باری واقیعیشەوە کوردی کەرکوک چۆن دەتوانێت بە تەمویلی دارایی و هاوکاریی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن بگەڕێنەوە سەر کەلاوە؟.

(د.رائید فەهمی) سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 بە نیگەرانییەوە رایگەیاند (نزیکەی 20 هەزار فەرمان بەسەر عەرەبە هاوردەکانەدا دابەشکەردووە و 10 هەزار فەرمان بەدەست گەیشتووەتەوە، ژمارەی ئەو خەزانانەی تاکوو ئێستا شارەکەیان جەهەشتووە گەیشتووەتە 2 هەزار خەزان، هەروەها 75 هەزار فەرمیشمان بەسەر کەچپەکراواندا دابەشکردووە و 45 هەزار فەرمان بەدەست گەیشتووەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەندەک لە خەزانە کوردە دەرکراوەکانیش نایانەوێت بۆ شارەکە بگەڕێنەوە!!). مەسەلەکە ئەوە نییە کوردە دەرکراوەکان نایانەوێ بۆ شارەکەیان بگەڕێنەوە، فاکتەر راستەقینەکە ئەوەیە کوردی کەرکوکی چۆن بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی کە لەوەدا هەر ئاوارە بێت و هەر بە پیتاکی رەکخراوە خەرخوازییەکان بژی و لەنێو خانووی قوڕ و چینکۆ و تەنەکەدا ژین ببات سەر؟!! کوردی دەرکراو هیچ پاڵپشتێکی ماددیی و مەعنەویی نییە لە شارەکەیدا، کەوابوو دروستە بوترێت کەمتەرخەمی و پشتگوێخستنی سەرکردایەتی کورد ئەو بەیارەی پێداوە. سەرباری هەموو ئەمانە سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە بەرامبەر سستی و دەستخەڵەکردن و دەستی دەستی پێکردنی عەرەبی عەراقدا هیچ کاردانەوەیەکی شایانی باسیان نەبووە تا کاربەدەستانی بەغداد ناچاربن بە دانوستان بۆنە هەوڵێر، بە پێچەوانەوە سەرکردەکانی کورد بە هەو و بە هەڵە

کۆشکەکانی گرین زۆن بۆ داماوینی ئامادەبوون.

محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان وتی: لەکۆبوونەوەیەکدا باس لەوە کرا کورد قبوڵ ناکات ماددەی 140 دوا بخرێت!!، منیش وتم باشە قبوڵ ناکات دەبێت کورد بە سێ چوار ئۆگەر ئامادە بکات، یەکەم: ئایا خۆی ئامادە کردووە بە ئاوەی بە زەر پێشمەرگە ببات و دەست بەسەر شاری کەرکوکدا بگرێت؟. دووەم: کورد لە بەغداد پاشکۆشە بکات بە سەرۆک کۆمار و پێستەکانی تروە و بڕێت تا ئاو کۆشانە چارەسەر نەکرێت ناگەڕێنەوە بەغداد. سێیەم: ئاوایە بتوانێت خۆی رابگرێت بەرامبەر ئاو شپڵە دژایەتیکردنەی وڵاتانی ناوچەکە و عێراق و نەودەوڵەتی. دەربارەی ئۆگەرە پێشنیارکراوەکەی (کاکە حەمە)، کورد لە سەرەتای پرسەی ئازادیدا پێشمەرگەی برد بە کەرکوک لە جیاتی جۆگە قایمکردن کاتێک تانکەرەکانی ڕاو و ڕووت، دواتریش بە چاو سوورکردنەوەیەکی عەرەبی عێراقی و ئەکەی مستەر بریمەر لە چاوتروکاندنەکدا شارەکیان چۆڵکرد!. بە ئۆگەری دووەم سەرکردەکانی کورد لە بری بایەکێتی بەغداد بایەکێتی کوردستانیان کردووە و هەندەکیان لە پستە عێراقییەکانیاندا لە یادیان چووە کوردن و بە دەنگی کورد لاو جۆگایانەدان، تەنانەت لاو بڕوایەدام تورکمانێک بە دەنگی کورد ببە جۆگەکەی جەلال تاڵەبانی لاو باشتر کار بە کورد و دەزی کەرکوک دەکات. بە کورتی مافی ئاوەمان هەیە لەپێش هەر کەسێکەوە سەرکردایەتی کوردستان بە کەمتەرخەم و تاوانبار بزانین لە ڕاستای جێبەجێنەکردنی ماددەی 140. بە دیتنی خەم پۆیست بوو کورد ملکەچ نەکات بە ئاوەی چارەنووسی شارێکی کوردستانی وەکوو کەرکوک و خانەقین و ناوچە کوردستانییەکانی موسڵ و دەشتی نەینەوا بخاتە ناو گیروگازی ماددە مەتاتییەکانی دەستووری نوێی عێراقەوە، چوونکە ناکرێت بەشێک لە خاکی وڵاتەکەی خۆت بخەیتە قوماری دەستوورێکەوە کە هەر کاتێک باڵانسی هێز گۆڕا پێش هەر کارێک عەرەبەکان بەندەکانی ئاو دەستوورە لە دژی کورد پێشێل بکەن.

ئۆگەری دواخستنی ماددەی 140

نهێ گەیشتووینەتە دوا ساتەکانی ساڵی 2007 بەبێ ئاوەی ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت، هیچ بیانوویەکی دڵنیاکەر بوونی نییە لە دواخستنی ئاو ماددە دەستوورییە تەنیا مەعمەعەی عەرەبی عێراقی نەبێت، چوونکە عەرەبەکان بە هەر بڕەها و نرخێک بوو گەرەکیانە ئاو ماددەیە دوا بخرێت بەبێ ڕەزگرتن لە بڕیارەکانی دانیشتوانی عێراق. (ستیڤ تاتایی) بڕوای وایە (دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی

140 ڕۆژ نەگرتنە لە داواکاریی 80% دەنگدەرانی عێراقی کە دەنگیان بەم ماددەیە داوە). کات رووی لە تەواوبوونە و لایەنەکانی نێو عێراق (جگە لە کورد) هەموو هەر داوای دواخستنی ئەم ماددەیە دەکەن، پەرلەمانی عێراقی بە زۆرینەی دەنگ دژی جێبەجێکردنی ئەو ماددە قانوونیی و دەستووریین، بە گوتەی (د.فوئاد مەعسوم)ی سەرکی فراکسیۆنی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گفتوگۆی ئەوان وەک لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی ناو پەرلەمانی عێراق، ژبەرئەوەی لەو لایەنانە دەڵێن (ناتوانرێت ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت لەو ماوەیەدا و پێویستە دوا بخرێت). پرسیارە عەقڵانییەکە لێرەدا ئەوەیە دوا بخرێت بۆ کەنگێ؟ بگوومان هەوڵی عەرەبەکان مواتەڵەکردنە تا ئەو کاتەی بەغداد بەهێز دەبێتەوە، لەو کاتەشدا داوای جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە دەستووریە بۆ ئاگر و ئاسن وەڵام دەدرێتەوە.
ئەم هەڵوێستە لای پێکهاتە عەرەبییەکانی عێراق نەک تازە نییە بەڵکو تەمەنی هەندێ تەمەنی ماددەکەیە، چەندان جار و لە چەندان بۆنەشدا ئەندامانی پەرلەمان و چاودێرانی کورد لەمەڕ ئەو ماددەیە و هەڵوێستی عەرەبەکان هۆشداریان داوە بە سەرکردایەتی کورد کە دەوڵەتی ناوەندیی کات دەکوژێت و هەنگاوەکان ئیفلیج و پێکدەخات. (نەرمین عوسمان) پێشتر رایگەیاند کاربەدەستانی عێراقی کەسپ بە ماددەکە دروست دەکەن و دژایەتی هەنگاوە عەمەلییەکان دەکەن. لە دوایین لێدوانیشیدا رایگەیاند (بۆشک لە پێکهاتە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق دژایەتی جێبەجێکردنی ماددەکە دەکەن و دەڵێن کاتی نییە). بگومان ئەو وەختەی دەڵێن کاتی نییە هیچ زەمەنێکی تریان چ لە مەودای نزیک یان دوور دیاری نەکردووە وەک کاتی راستەقینەی جێبەجێبوونی ئەو ماددەیە. رژێمەکانی پێشان هەمیشە پاساوی نۆشیاویی هەلومەرجی زاتی و بابەتیان دەهێنایە گۆڕێ دژەهق بە مافەکانی کورد و چارەنووسی کەرکوک، وا دیسانەوە هەمان قسەوانی کەن لێدەدەنەوە چوونکە لای عەرەب هیچ کات ئان و ساتی مافی کورد نییە. ئەم هەڵوێستانەی عەرەبەکانی عێراق بە زەقی لەگەڵ هاتنی ساڵی 2007دا خەست و تەختر بووەوە، تەنانەت دەستەکانی کورد لە ئەپزیسیۆنی پێشانی تازە حاکمان لە ماددەکە کەوتوونەتە تەقە و هەڵوەستی ڕەق و پچڕانیان وەرگرتووە، وادە و هاوپەیمانێتییەکانیان لەگەڵ کورد تەبخوری کرد و بوو بە هۆم.
(قاسم داود) ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئایاری ڕابردوودا رایگەیاند: لیستەکانی تەوافق و عێراقیە داوای چاوپێداخشاندنەوە بە ماددەی 140ی دەستوور دەکەن، چوونکە پەیانوایە ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە. لە بەرامبەردا (فریاد

ڕواندزی) ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان رایگەیاندووە: لیژنەی هەموارکردنی دەستوور سەبارەت بە کێشەی کەرکوک و ماددەی 140 دوو پێشنیاری خستووەتە بەردەم حکوومەتی هەرێمی کوردستان: یەکەمیان داوای کردووە ماوەی ئاسایکردنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بە هەر سێ قۆناغەکەیەوە بە کۆتایی ساڵی 2008 دوا بخرێت لە بری کۆتایی ساڵی 2007، سەبارەت بە پێشنیاری دووەم داوا کراوە پارێزگای کەرکوک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ. ئاشکرا نییە لێنەوان هەردوو ئێستەرناتیڤی لیژنەی هەموارکردنی دەستووردا کورد کامیانی سەرپشک کردووە، بگوومانیش هەر کامیانی هەبژاردبێت خیانەتێکە لە دەزی کەرکوک و هەوێکیشە بە نابووتکردنی دەستوور و سەروەریی یاسا.

سەرنجێکە لەوەدایە بە بڕینی هەموو ئەم ماوەیە سەرکردایەتی کورد گۆشبینی خۆی نیشاندەدا گوایە لە وادی دیاریکراوی خۆیدا ماددەکە جێبەجێدەکرێت چون هەموو شتێک ڕێچکەی خۆی وەرگرتووە، ئەم هەڵوێستە یان ساویلکەیی سیاسیی دەردەخات یان بۆگەی سیاسەتێکی چەواشەکارانە و درۆزنانەیە. چون هاوزەمانی گۆشبینی کورد لە ناوخۆی کەرکوک لایەنگانی و بڕیاری تورکمانی بە ئاشکرا ڕێگریان دروست دەکرد لەبەردەم بەڕێوەچوونی کارەکانی ماددەکە و لە بەغداد و ئینقەرە و تارانیش پلانی جەهەنمی دژی 140 ڕێچکەی دەبەست لە بەرامبەردا لایەنی کوردیی زیاتر سەرقاڵی شەڕ و زەرد و سەوزکردنی شەقام و شۆنێ گشتییەکانی کەرکوک بوون. ڕۆژی 30-7-2007 کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی سەرژمێریکردن لە شاری کەرکوک، ڕۆژنامەی (زەمان)ی تورکی لە زاری (ئەحمەد موراڵی) نوێنەری بڕیاری تورکمانی لە شاری ئینقەرەوە باوی کردەوە (قۆناغی ئاساییکردنەوە تەواو بوو، سەرژمێریی ئەنجام نادرێت، تورکمان و عەرەبەکان و بەشێک لە کوردەکانیش ڕێگە نادرێن ڕیفراندەم ئەنجام بدرێ). لەدوانەکە شایانی وردبوونەوەیە چوونکە لێرەدا هەمایەکی مەترسیدارتر دەرکەوتووە کە بەشێک لە کوردەکان لەگەڵ خواستی جێبەجێکردنی هەر سێ قۆناغەکانی ماددەی 140 نین!! ئەو بەشە لە کورد کێن و ئارگەمێنتیان چییە؟ جارێ کەس خۆی ناکاتە خاوەنی ئەو ئاماژەیە دژە، دەشە بە تێپەڕینی کات و لە دوور مەودادا ئەو بەشە بە ئارگەمێنتێکی خیانەتکارانەوە زوونتر دەربکەون!.

لە بەرامبەردا تەلەفزیۆنە کوردییەکان وێنا و لەدوانی هەندێک تورکمانی بە نفوز و شێخی عەشیرەتە عەرەبییەکانیان باو دەکردەوە کە هاوسەزییان بە جێبەجێکردنی ماددەکە دەردەبڕی بەبێ ئەوەی بە هەندی وەربگرن تاکوو چەند ئەم قسانە لە بواری کرداریدا ڕەنگ دەدەنەوە و دەتوانن مەجرای خیان وەربگرن لە بڕژەوەندیی ماددەی

140؟. (عەلی مەهدی) نوێنەری بەڕێی تورکمانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە ئاشکرا رایگەیاند (ئەمە هەر لە سەرەتاوە بەوامان بوو ماددەیە نەبووە و پەیمانوابووە کەرکوک شاری هەمووانە نەک تەنیا هی کورد، بەیە ئەوەی کە ئەوانیش داوای دەکەن خەونکی بەتاڵە). لە باری واقیعیشەوە تورکمان و عەرەبەکان توانیان لە ئاستێکی فراواندا پشقچوونی ماددەکە سست و لاواز بکەن و حکوومەتی عێراقیش لەو رووەوە درێغی نەکردووە لە هاوکاریی کردنیان، تەنانەت توانییان قەناعەت بە لایەنەکانی دەرەوە و رەکخراوە جیهانییەکان بکەن تا پرسەی راپرسی بە کاتێکی نادیار و دوور دوا بخرێت. لەو میانەیەدا لە مانگی نیسانی رابردووەدا گروپێی تەنگژە نەوەوتییەکان کە بارگەکەی لە (برەکسل)ە راپرتێکی لە ژێر ناوی (عێراق و کورد: چارەسەرکردنی تەنگژەی کەرکوک) لە توێی 30 لاپەڕەدا بە زمانی ئینگلیزیی لەسەر تەڕی ئینتەرنێت بڵاوی کردووەتەوە، لە راسپاردە و داواکارییەکانیدا داوا لە کورد دەکات ریفراندەمی کەرکوک دوا بخات بە کاتێکی تر. (بە بە دیاریکردنی ئەو کاتەی بێ دوا دەخرێت).

جگەی سەرسوڕمانە لەگەڵ ئەم هەموو مشارە بە بینەوەی قاچی بەندی 140 سەرکردایەتی کورد لە پایتەختی عێراقی عەرەبیدا لە بەردەم زوومی کامێرای تیڤییەکانەوە بە خەندەی سەرلەوەوە دەردەکەوتن، لە گەشبینیدا وێنایەکیان خوەقاندبوو وەک ئەوەی کەرکوک لە جێبا بێت و موو لەسەر ڕەی ماددەی 140دا نەبێت، ئەستاش کە وادەکە تەواو بووە تازە بە تازە گومان لە دەنگی کزەی سەرکردایەتی کورد دەبێت گوایە لایەنگەلێکی زەر هەن لە ناوەندی سیاسیی و بەیاری عێراقیدا کار بە دژی ئەو ماددەیە دەکەن، دوای دەست دەرچوونی کورد لە بنی هەمانکە، (د.کەمال کەرکوکی) جگری سەرکی پەرلەمانی کوردستان بە بەرچاو رووخی جەماوەر لە ڕۆژنامەی (خەبات)دا دەنووسێت (هەشتا کەسانە هەن رق و کینەیان لە دڵە، بەشەو و ڕۆژ کار بە دانانی کەسپ و تەگەرە لە بەردەم جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەکەن.. هەر بەیە لەژێر ناوی دواخستن یان دڕکردنەوەی ماوەکە هەوڵی بەردەوام دەدەن تەگەرە بخەنە پێش جێبەجێکردنی ماددەی 140). وەک ئەوەی بیر و دیدگا و دەربڕینکی کلاسیکی لەو پەرگرافەدا هەست پێدەکەین بەتایبەت لەهەنانە پشتەوەی وشەی رق و کینە لە دە (چوونکە لە پراکتیکدا قاچ و بنەمای سیاسەت لەسەر چیمەنتەی بەرژەوەندییە نەک دوژمنایەتی کوردانە کە هیچ بەرژەوەندییەک دەستبەر نەکات) هەشتا شەرمنییەکی زەر بە وتارەکەی (د.کەمال)ەوە دیارە بە تایبەت لە رووی سەکردنەوە لە دەستنیشانکردنی دوژمنەکان ئەوانەی کەسپ بە ماددەی 140 دروست دەکەن.

بۆ کورتی و کرمانجی کات تەواو بوون و جێبەجێکردنی ماددەکە دوا دەخرێت، هەرچەندە (د.رائید فەهمی) لە ڕۆژی 1-12 ڕایگەیاند (تا ئێستا هیچ بڕیارێک بۆ دواخستنی ماددەی 140 نەدراوە ئۆگەر داوایەکیش بکرێت بۆ درێژکردنەوەی ماوەی ماددەی 140 دەبێت لە ڕووی هونەری و تەکنیکییەوە بێت نەک یاسایی و دەستووریی، واتە درێژکردنەوەیەکی تەکنیکی بێت). بەڵام ئێستی مەسەلەکە و ڕاستییە ڕووتەکە ئەوەیە ماددەکە دوادەخرێت (چوونکە بەم دوو هەفتەیە توانای هیچ کارێک نەماوە). وەک دەردەکەوێت کوردیش بۆ دواخستن ڕازییە (چوونکە لەوە زیاتری لە دەست نایەت)!!، ئەوەتا (ڕزگار عەلی) سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک ڕایدەگەیەنێت (دواخستن لەبەر هەکاری هونەریی ئەوە شتێکی ئاسایییە، بەڵام ئۆگەر لەبەر مەسەلەی ئیداریی و سیاسیی بێت، ئەوە قابیلی قبوڵ نییە و خەتەرە). لە ڕاستیدا هەکاری دواخستنەکە شتەکانیش هەستی پێدەکەن سیاسییەکی هونەریی، کەچی سەرکردەکانی کورد دەیانەوێت پینەی بکەن، لە دواخستن لەژێر پاساوی ئیشکالییەتی هونەریی و تەکنیکیشدا ڕەوایی پێنادرێت، ئەوا بە فاکتەر و بەربەستی سیاسیی قبوڵکردنەکەی خیانەتێکە مێژوو ناتوانێت لە یادی بکات. لەگەڵ ئەوەش دەبینین سەرکردایەتی کورد سکەندالی دەڵانەکانی خۆی لە عێراقی دوای سەدام حسێن بە گشتیی و ماددەی سەد و چل بە تایبەتی پاساو دەداتەوە، بەڵام ئەم شکستە لە مێژوودا وەک لاپەڕەیەک ڕەش تۆمار دەبێت و دەمێنێتەوە.

هەموو ئاماژەکان دەریدەخەن بە دیفاکتۆ کورد دەبێت بە دواخستنی ماددەکە ڕازی بێت، کات تەواو بوون و ناچارە دەستەکی تر لەم کۆنگرەیە دەڵاوە لەگەڵ عەرەبی عێراقیدا بکات، کورد وەک ئەو قەڵەندەڕی لێهاتووە لە دەریادا گیری خواردووە و ناچاربووە دەست بە چەک پووش ڕابکێشێت. (قادر عەزیز) بە (ئێلاف سوات ئێلعراق)ی ڕاگەیاند (لەبەرئەوەی ئەو ماوەیەی ماوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ماددەی 140 زۆر کەمە، بۆیە پێدەچێت ماوەی جێبەجێکردنی لە نێوان سێ تا شەش مانگی دیکە درێژ بکرێتەوە.. بە کورد دواخستنی ئەو ماددەیە بە ئەو ماوەیە ئاسان نییە چوونکە دەزانێت ئەوانەی لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەدا نین، دوای شەش مانگی دیکە هەوڵستیان ناگۆڕێت، بەردەوام دەبن لەسەر ڕەتکردنەوەی، بەڵام کورد ناچارە بە هەشتنەوەی مەفعولی ماددەکە و شەرعییەتە دەستووریەکەی بەو دواخستنە ڕازی بێت).

هەر لەبارەی دواخستنی ماددەی سەد و چلەوە ڕۆژنامەیەکی کوردیی (ئاسۆ) بڵاویکردەوە هەندە زانیاریی لە سەرچاوەیەکی نزیک لە نێوەوە یەکگرتووەکانەوە دەستکەوتووە و وا بڕیارە بە ماوەی شەش

مانگ ماوەی ماددەی 140 دژی بکرێتەوە، هەر ئەو سەرچاوەیە بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە (بەیارە وادەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 بە ماوەی شەش مانگ دژی بکرێتەوە و زەربەی لایەنگانی عێراق بە کوردیشەوە بەم پشنیارە ڕازی بووون). بە گشتیی ئەو تێرحەی سەرکردەکانی کورد بە چارەسەری ئەم قەیرانە پشتیوانی لێدەکەن هەموارکردنی ماددەکەیە لەبەرئەوەی هیچ ڕێگایەکی لە بەردەممدا نەماوە و کاتەکانیش زۆر بە خێرایی وەک خێرایی تیشک تێدەپەڕن. ئەو تەسعیداتانەشی لە ڕەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە لە ئارادایە، تەنیا هەوڵەکە بە داپۆشینی فشەڵی سیاسەتی سەرکردایەتی کورد لە هەمبەر ماددەی سەد و چل و چارنووسی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان کە لە دەستووردا بە "ناوچە ناکۆکی لەسەرکان" پێناسە کراون.

(د.فوئاد مەعسوم) وتی: ئێستا کات لە بەردەستدا نەماوە و کارە ئاساییەکان جێبەجێنەکراون، چۆن بتوانرێ سەرژمێریی بکرێت؟!، چۆن قەزا و ناحیەکان بگۆڕێنەوە سەر کەرکوک؟. سەرکایەتی کەمار لەو بارەوە ناگەنە بەیار، ئەگەر حەکەمی نەودەوێتیش تێداخول بکات کاتی زۆری دەوێت چوونکە ئیشی نێتەوە یەکگرتووەکان ڕێتیناتی زۆری تێدایە و زۆر دەخایەنێت، تاکە چارەسەرێک بە ئەو ماددەیە بکرێت ڕێککەوتنێ بە ئەوەی هەموار بکرێت، لەو ڕووەوە ئامادەکاریی کراوە و پێویستە سەرکردایەتی هەرێ پشەوەی عێراق ئیتفاقی لەسەر بکەن بە ئەوەی هەموار بکرێت. لەلای خۆیەوە (ئەحمەد ئەنسوەر)ی ئەندامی لیژنەی هەموارکردنی دەستووری عێراقی پێیوایە ماوەی ماددەکە بەسەرچووە و بەدیلێکی باشیش بە ئەوەی میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بگەڕێت تەنیا هەموارکردنی ماددەی سەد و چلە لە چوارچێوەی ئەو ماددانەی تر کە بەیارە لە دەستووری عێراقدا هەموار بکرێن. بەپێی ڕێککەوتن و بەیاری پەرلەمانی عێراق تاکوو کۆتایی مانگی سێی (2008) بە دەستەوێیە بە هەموارکردنەوەی دەستوور بەم هەیەوە بە ئۆتۆماتیکی ماوەی ماددەی 140 دژی دەکرێتەوە بە کۆتایی ئەو مانگە.

وەک وتمان بە پێچەوانەی بەیاری پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی 30-6-2007 کە تیایدا نەچیرڤان بارزانی ئامادە بوو (نابێت ماددەی 140 دەستکاریی بکرێت یان دوا بخرێت بەڵکو پێویستە لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت) ماددەکە دوا دەخرێت و بە هەمان شێوە بە پێچەوانەی لەدوانەکەی چەند مانگ لەمەوبەری (ئەندماس فازڵ)ی سەرکی لیژنەی یاسایی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک (ئەگەر تاوەکو 31-12-2007 هیچ بەیارێکی گرنگ دەرنەچوو یان ماددەکە جێبەجێ نەبوو، ئەوە خەمان بەیاری کوردستانیبوونی کەرکوک دەدەین). سەرکردەکانی کورد نەک

بەیارەکی لەو جۆرە نادەن کە لە خەیاڵدانی ئەواندا زیاتر لە مغامەرەیەکی (جیمس بەند)یانە دەچێت بەکو هەر لە ئێستاوە زەنگی دەڵاندنی کەرکوک لەدەدەن، چون ئەوان کە نەیانتوانیبێ لە شەڕکی دەستووریی سەربکەون ئیدی چەن لە شەڕی گووشار و شەڕی گەرم و شەڕی بایکۆت و شەڕی دیپلۆماسی و شەڕ و ریسکی مان و نەماندا سەردەکەون؟؟ (نەچیرڤان بارزانی) بە ماپێی (URL)ی راگەیاند (ئەمە دەمانتوانی لە ساڵی 2003 کاتێک سەدام روخا بە چەندین رێگەی جیاواز دەست بەسەر کەرکوکدا بگرین بەاڵم ئەمە رێگەی یاسایی و ئاشتییانەمان هەڵبژارد بە ئەنجامدانی).

ئەم هەڵوێستە جگە لەوەی مایەی شانازیی نییە (وەک نەچیرڤان دەیکات) نیشاندەری ئەوەیە ئەوان دەیانتوانی کەرکوک بەدەست بهێنن کەچی رایانکێشایە ناو مەعمەعەیەکی سیاسیی و دەستووریی!! لەوانەیە تا قیامەت ئەم مەتەڵە هەڵنەیەنین و سەرمان لەم سیحرە دەرنەچێت، لەوانە نییە جگە لە خیانەتی سەرانی کورد مانایەکی تر بە ئەم هەڵوێست و ڕەفتارە ساویلکانەیە نەبێت، ئەمە ئەگەر نەبین مانای فرێشتنی کەرکوکی لە ناواخنی خەیدا هەڵگرتووە. ئەگەر لەمانە هەمووی بگەبین، پرسیارێک هەیە بەوچان بە دوای وەاڵمدا دەگەڕێت: کام فاکتەر وای کرد ئەم ماددەیە دوا بخرێت؟ پێویستە لە بەرسڤدا بژین لەئاستی ناوخۆدا ئاستەنگەکانی دەوڵەتی ناوەندیی و پلانگێڕیی عەرەبە شۆڤێنیەکانی ناو کەرکوک و لاوازیی گووتار و هەڵوێستی کورد مایەی چاوپۆشیی لێکردن نین، وەڵە ڕەنگە گرنگترین و کاریگەرترینیان سستی کورد بووبێت. ئەوەش هەمان تەزە دەرینەکەمان دەخاتەوە یاد "ئەوەی کورد لە شەڕی چەکداریدا بەدەستیدەهێنێ، لە شەڕی دیپلۆماتی و گفتوگۆ و سەر مێزی مفاوەزات دەیدەنێ". بەاڵم تاکوو کەی کورد ناتوانێت لەو تەزە دەربچێت هیچ ئاماژەیەکی دەخەشکەر لەو نەوەندەدا دیار نییە.

(د.فوئاد مەعسوم) بەم دواییانە ئاشکرای دەکات کەشێ نەوان کەربەاڵ- ڕومادی کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر کەشێ کەرکوک، چون بەپێی دەستوور دەبێت بەشێک لە ناوچەکانی ڕومادی سوونەنشین بخرێنە سەر کەربەاڵ. (فەرید ئەسەسەرد) لەو بارەوە نوسیوویەتی (پاش تێپەڕینی سێ ساڵ بەسەر دەرچوونی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا ئێستا لە سەروبەندی جێبەجێکردنی ماددەی 140 هەست دەکەین، ئەمە لە پێکهاتەی گرێدانی مەسەلەی سنووری کوردستان و مەسەلەی سنووری ناوچە شیعەنشینەکان زیر سەرکەوتوو نەبووین و خەریکە ململانێی شیعە و سوونەکان کاریگەریی خراپ لەسەر یەکلاکردنەوەی مەسەلەی سنووری کوردستان جێدەهێڵێت). من ئاماژەیەکی ترسناکتر و دوورتر دەبینم لەوەی شیعەکان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی عێراق دەدەن،

بەو شێوەیەی سەدام و بەعس لە دەیەی هەشتاکاندا کردبوویان، کورد و شیعەیان لە پرسەی سیاسیی کنارگیر کردبوو، بەڵام ئەمڕۆ شیعەکان سەرتا سوونەکان تەکدەشکێنن و دواتریش بە ئاسانیی کورد قووت دەدەن، بەو هەیەی ماڵی کوردیی ماڵێکی لێکترازاوە و گووتارێکی هاوبەشی روونی نییە بە پرسە ستراتیجییەکانی نێودەوڵەتیی، تەنیا گووتارێکی هاوبەش هەیە بۆ دابەشکردنی داهاتی کوردستانە لە بەشە بودجەی عێراق.

ڕەتی تورکیا لە پەکخستنی جەبەجەکردنی ماددەی 140

لە مانگی ئابی 2007 بە مەبەستی متمانەپێدان (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) سەرۆک شالیارانی تورکیا بەرنامەی کاری شەستەمین حکوومەتی ئەنکەرای خستە بەردەم پەرلەمانی وەاتەکەی، لە بەشێکی بەرنامەی کاری حکوومەتەکەیدا (ئەردۆگان) باسی لە کێشەی کەرکوک کرد، وەک تیایدا هاتووە: پێویستە کێشەی کەرکوک بە شێوەیەک چارەسەر بکرێت هەموو نەتەوە و مەزهەبەکان مافەکانیانی تێدا ببینن‌وە، ئەوەش هەوڵێکی سەرکی دەبێت بۆ ئەمە. تورکیا دوای ئێران زیاد لەهەر دەوڵەتێکی تر بە تەنگی دەڵوانێتە پرسی کەرکوک و تووشی فەبیا و دەڵاوکە بوو سەبارەت بە چارنووسەکەی، تاکە ڕێگەیەک لە بەردەمیدا مابێت هەڕەشەی لەشکرکێشی و بەکارهێنان و وروژاندنی تورکمان و هەوڵی ژێراوژێری هەواگریی و زیندووکردنەوەی جاشە کوردەکانە لە ژێر ڕەبەریی (ئەرشەد زەباری)، تا دوور و نزیک قورسایی هەبێت لە ورد و درشتی ئەو پشهاتانەی لە کەرکوکدا ڕوودەدەن.

ئەجێندە تەملکوەان، لە ڕژنامەی (میللیەت)ی تورکیدا نوسیوویەتی (کاتێک مرۆڤ تەماشا دۆکات سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا بەهەموو شێوەیەک پێویستە بە پێشڤچوونە سیاسییەکانی کورد بە جەبەجەکردنی ماددەی 140، لەبەرئەمەش تانسیەنی وەاتەکە بەرز و نزم دەبێتەوە، بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین تورکیا لەناو کابووسی کوردانەدایە). جگەی هەوەستەکردنە چەندان مانگ پێش هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی تورکیا سەنتەری سیاسیی کورد هەڕەشەکانی تورکیای وەک بەشێک لە پێویستییەکانی ریکەامی هەڵبژاردن چاو لێدەکرد و ریالیستانە سەیری نەدەکرد وەک هەڕەشەیەکی جیددی و ئاگارکەی بەهەز، گرنگترین گوهەر لە بیرکرابوو کە هەر پشکەوتنەکی کورد (لەهەر بەشێکی کوردستاندا بێت) بە پلەی یەکەم تورکیا لەنەو کابووسدا دەتلێنێتەوە. تورکیا نیگرانییە خەسڵەکانی ناشارێتەوە و سە لە هیچ ڕێگەچارەیەک بە دژایەتیکردنی هەوڵەکانی کورد بە مەبەستی وەرگرتنەوەی کەرکوک ناکاتەوە (لە واقیعدا درێغیی نەکردووە)، هەندێک ناوەندی ئاگادار وایدەبینن دوو

بەهێزترین تەقینەوەکانی ئەمساڵی شاری کەرکوک و شێخان تورکیای لە پشتەوە بووە چوونکە ناچێت بە عەقڵدا ئەو تەکنیک و چۆنێتییە کارایە لە توانای ئەو شانە جیهادییە تێرۆریستییانەدا بێت لە ناوچەکانی کەرکوک و دەوروبەری خەیان مەتاس داوە.
(مەسعود بارزانی) مانگی نیسانی رابردوو بە کۆنەی (العربیە)ی راگەیاند (شاری کەرکوک بەرامبەر دیاربەکر). ڕەگەز نادەین تورکیا دەست لە کاروباری کەرکوک وەربدات. ئەگەر تورکیا ڕەگەز بە خەی بدات دەست لە کاروباری کەرکوک وەربدا، ئەمەش دەست لە کاروباری دیاربەکر و شارەکانی دیکەی کوردنشین وەردەدەین!). ئەم لەدوانە زیاتر موزایەدەکردن و ڕاکێشانی سەزی تاکی کوردی باکوور بوو تاکو هەوڵستێکی بە کردەوە، بارزانی نەک نەیتوانی دەست لە کاروباری ناوخەی تورکیا وەربدات لە توانایدا نەبوو پێشگیریی لە دەستتێوەردانی تورکیا بکات لە ناوخەی کوردستان بە کەرکوکیشەوە، بگرە بارزانی ناچاربوو لەژێر گوشاری تورکیادا فشار بخاتە سەر پەکەکە و پارتی چارەسەری تا دەگاتە قەدەغەکردنی باوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی پەکەکە لە میدیاکانی کوردستاندا. مافێکی ڕەوامانە بەڵێین تورکیا ڕەچاوی هەبووە لە سستکردنی ماددەکە هەم لە ڕەی وروژاندنی کارتی تورکمانەوە هەم لە ڕەی دیپلۆماسییەوە چ لەگەڵ لایەنی عەراقی چ لەگەڵ لایەنی ئەمەریکی. لە مانگی ئابی رابردوو ڕۆژنامەی (ستار)ی تورکی لە زمانی (یەشار یاکیش) وەزیری پێشووتری دەرەوەی تورکیا باسیکردەوە ریفراندەمی کەرکوک و بەیاردان لەسەر ناوچە دابەاوەکانی کوردستان دوا دەخرێت، بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەکە: نوێنەرایەتییەکانی تورکیا کاریگەریی باشی داناوە لەسەر ئەمەریکا و ئەو وڵاتە سەرقاڵی ئامادەکردنی فەرمەکە بە ڕاگەیاندنی دواخستنی دەنگدان لەسەر چارەنووسی کەرکوک.
لە هەموو لایەنکەوە تورکیا لە هەوڵدایە تا هاوکێشەکە بەو جۆرە هاوسەنگ بکرێتەوە کەرکوک پارچەیەک بێت لە عەراق یان هەرێمەکی سەربەخە بێت و پەیوەندیی نەبێت بە باشووری کوردستانەوە. ئەم هەوڵدانەی تورکیا لە شوباتی 2007 لە ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) زیاتر ڕوون کراوەتەوە (تورکیا بە دیدێکی زۆر گرنگ دەوانێتە چارەنووسی کەرکوک، لە ساڵی 1926 ئەمە دەستمان لە ویلایەتی موسڵ هەڵگرت، بەڵێ ویلایەتی موسڵ کە کەرکوک بەشێکیەتی پارچەیەک بێت لە عەراقێکی یەکگرتوو، هەربۆیە ئێستاش دەماندەوێت کەرکوک بەشێک بێت لە عەراق و سەر بە حکوومەتی عەراق بێت وەک ساڵی 1926).
تورکیا چالاکی و سنووری کارکردنی لە ئاستێکی بەرتەنگدا قەتیس نەکردووە بەڵکو خوازیاری پاڵپشتیی و هاوپەیمانییەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتییە لە دژی خواستی کوردەکان بە بەدەستهێنانی کەرکوک،

بەڕواى (ئەحمەد گوڵەر)ى سەرۆكى كۆمەڵەى كوردیى (DER KURT) لە ئەنقەرە: تورکیا هەوڵدەدات هاوکارییى ئێران و سوریا بکات بۆ ئاوەژووکردنەوەى پرسى کەرکوک بۆ مەبەستى هەڵواسراوییى بمێنێتەوە. پێش ئاوەشى بەسەرماندا تێپەڕیت ئێران بەربەستى یەکەمە لە بەردەم ماددەى سەد و چل چوونکە شیعە فەرمانڕەواکانى ئەمەرىکا، چیتر نین جگە لە بەندەى گوێڕایەڵى کۆمارى ئیسلامى ئێران و نۆکەرى بە وەفاى ئامۆژگارییە سیاسییەکانى ڕێبەرى ئێران "خامنەئى".

ئاگەریش وەک چاودێرێکى بەڵایەن سەیرى پلانەکانى تورک شانەشانى خەدزینەوەى حکوومەتى عێراقى و بەدەنگى ئەمەریکا و سستى کورد بکەین، ئەوا حکوومەتى ئەنکەرا توانیوویەتى سەرکەوتوو بێت لە زەرتەر ئاڵوزکاندنى گرێکوێرەى کەرکوک و تاگەڕە خستنە بەردەم ماددەى 140، چوونکە ئەمڕۆ لە دوا ساتەکانى ساڵى 2007دا هەست دەکەین ڕەوشى کەرکوک وەک خۆیەتى، ئاگەڕ خراپتر نەبووبێت ڕووى لە چاکى نەکردووە و ئومێدەکانى کورد وەک بەقى سەر ئاویان لێهات و ڕوویان لە پووکانەوە و کزبوون کردووە. لەڕدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ: ئامانجى تورکیا چییە لە دەستێوەردان لە کەرکوک و تاگەڕدانان لە بەردەم جێبەجێکردنى ماددەى 140.؟. (د.ماگى زانگەر) چاودێر و ڕۆژنامەنووسى جیهانى بەرسڤى ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت: ئامانج لە دەستێوەردانى کەرکوک بۆ تایبەت لێڵایەن تورکیاوە بە نەوتى کەرکوک، هەر لەبەرئەوەشە دژى گەلانەوەى کەرکوکە بە سەر هەڕەمى کوردستان، ئەو ترسى هەیە کەرکوک ببێتە تاجى ئابووڕى کوردستان.

داهاتى نەوت و سامانە سرووشتییەکانى کەرکوک بە ئەندازەیەک ئاگەڕ لە دەستى دەستاتێکى کوردیدا بێت دەبێتە بناغە بۆ تەبانیکردنى کۆمەگەیەکى ئابووڕى پتەو. (شێخ مەتاع) بەڕێوەبەرى کۆمپانیاى نەوتى باکوور ڕایەگەیاند وزەى بەرهەمهێنانى نەوت دەوروبەرى 580-600 هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا (دیارە مەبەستى لە نەوتى خاوە). ئاگەڕ سەیرى ئەم ڕەوشە بکەین و بە دراو بیقەبڵێنین ڕۆژێکى خەیاڵى و سەرسوڕهێنەرە سەبارەت بە ئابووڕى ئەمڕۆستاى کوردستان. تورکیا وا تەماشاى نەوتى کەرکوک دەکات کۆتاکە و بەبێ پشتى ئەو دەوڵەتە کوردییەیە لە خەیاڵ و ڕۆژەقى کوردى باشووردا بوونى هەیە، چون بەبێ نەوتى کەرکوک دەوڵەتى کوردستان ئیمکانى سەرپێکەوتنى نییە. لەبەرئەوەى زەر ڕوونە ئەم ڕەوشە ناهەمواڕەى عێراق و بە ئێرانکردن و بە شیعەکردنى عێراق، سەبرى ئەیووبى کوردان دەپچڕێنێت، دوور بێت یان نزیک هەر دەبێت بیر لە پاڕێزى دەوڵەت و سەربەخۆیى بکاتەوە، ئەوە ڕۆژە کەرکوک و نەوت دوو دارشەقن دەنێ بن هەنگڵى کوردەوە.

(د.محەمەد نورەدین) پسپۆری کاروباری تورکیا لە لوبنان پێیوایە (کوردستان بەبێ کەرکوک وەک موسڵمانان وایە بەبێ کەعبە، یاخود فەلەستینێ بێ بەیتولمەقدس، کەرکوک ناوچە و پانتاییەکی دیموگرافی نەوتە، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ و راستەوخۆیە بۆ ئاوەژووکردنی کوردستان لە داهاتوودا پشت بە داهات و خۆشگوزەرانی ببەستێت، بەیە تورکیا دژ بە گەلانەوەی کەرکوکە بە سەر کوردستان). لە هەمان کاتدا ناوەندی بڕیاردەستی سیاسیی تورکیا دیموگرافیای کوردیی بەیەکێک لە مەترسییەکانی سەر خێی چاو لێدەکات کە لێداهاتوودا سەرباری ئاوەژووکردنەوەی دەبێتە هاندەرێک بۆ جوڵاندنی کوردی باکوور بۆ داواکردنی مافەکانیان دەشبێتە هۆی شڤبوونی تورکیا وەک ئاوەژووکردنەوەی ئەمستا هەیە. (محەمەد عەلی بیراند) لە ڕۆژنامەی (حوریەت)دا ئاماژە پرسە زیاتر ڕوون دەکاتەوە: (سەربڕینی باکووری عێراق و دەستگرتنی کورد بەسەر نەوتی کەرکوکدا ئاگادارکەرەوەیە بۆ لای تورکیاوە، واباوەڕ دەکرێت دامەزراندنی ناوەندێکی ڕاکێشەر لە باکووری عێراق لە داهاتووی درێژخایەندا دەبێتە هۆی دابەشبوونی تورکیا). تورکیا بەهەر نرخێک بووە لە هەموو قۆناغەکاندا هەوڵدەدات بۆ زیاتر دابینی کەرکوک لە کوردستان، بەڵام جارێ نازانین چۆن کورد خۆ بۆ ئاماژە نەبردە ئامادە دەکات؟ (کارساتێ وەک جاران بۆ پاشانی بچێتە مەیدانی نەبردەکانەوە) بەرسڤەکە با بمێنێت بۆ پێشهاتەکانی داهاتوو.

ڕاپۆرتێکدا 140 ڕاپۆرتی ئەمریکا – بەریتانیا لە پیلانگێڕیی دژی ماددەی (مستەفا ئایدن) سەرۆکی ئەنیستیتۆی (تیپاق) لە میانی ڕاپۆرتێکدا کە لەسەر عێراق ئامادەی کردووە تیشکی خستۆتە سەر ئاوەژووکردنەوەی ئەمریکییەکان ڕەگەزی لەبەردەم ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی لە کەرکوک و پێیوایە ئاگادار ئەمریکا ئارەزووی بەوایە ئاوەژووکارەی دەکرد. بەگومان ئەمریکییەکان ڕەگەزی نەرمنیان هەبوو، وەختێ خۆیشی (پۆڵ هارڤی) لە کەرکوک پشتیوانی عەرەبی هاوردە و تورکمانە پێگیرکانی دەکرد لە دژی کورد و کەمتەرخەمی نەدەنواند لە ڕەگەزیی دروستکردن بۆ لایەنی کوردیی و کارکانی ماددەی 58 قانوونی دیموگرافیای عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە. هەموو ئاوەژووکردنەوەیەک (پۆڵ بریمەر) حاکمی مەدەنی عێراق بوو سیاسەتی ئەمریکی لە دژی بەرژەوەندیی کورد بوو لە شاری کەرکوکدا، یەکێک لە خراپترین پێشنیارەکانیشی ئاجیندای فیدراڵی پارێزگاکان بوو کە جگە لە ورد و خاشکردنی ماف و دەستکەوتە نەتەوەییەکانی کوردی باشوور، کورد بۆ هەتا هەتایی کەرکوکی لە کیس دەچوو هەروەک چۆن عەرەب لە پێشوودا (ئەندەلووس)ی لە کیس چوو. جیاوازییەکە تەنیا ئاوەژووکردنەوەیە بوو، ئەندەلووس لە چوارچێوەی غەزەواتی ئیسلامیدا بۆ عەرەبکرابوو، بەڵام کەرکوک لەوەتی هەیە کوردیی و کوردستانی بووە، ئاسک و پروسکی سەدان پشتی

کورد لەو شاردا بووەتەوە بە خەڵکی نیشتمانی دایک.
ژنەڕاکی خانەنشین (ڕالف پیترز) ڕەخنە لە سیاسەتکانی (بریمەر) دەگرێت و دەڵێت: کەرکوک بە درێژایی مێژوو شارێکی کوردیی بووە، بەڵام ئێگەر پێ بریمەر هەندە نەفام نەبوایە ئەوا چوار ساڵ پێش ئێستا گەلابووەوە سەر کوردستان. پاشان ڕاسپاردەکانی (بیکەر-هاملتۆن) کە لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە بڕکەنار کران ئاوێنەیەکی تر بوون بۆ نیشاندانی هەوڵەستی نێگەتیڤی بۆشکی بڕچاوی سیاسەتمەدارانی ئەمریکی سەبارەت بە کورد و پرسی کەرکوک. (عەبدولخالیق زەنگەنە) ئەندامی کوردی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێ: ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتۆن ئاماژەیەکی ترسناک بوو بۆ بڕچوونی ئەمریکا سەبارەت بە پرسی کەرکوک چوونکە لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەمە لێگەڕ ئەمریکا باسی کەرکوکمان کردووە، کەرکوک ئازاد کرا ئێوان تەسلیمی حکوومەتی مەرکەزییان کردەوە!!، لەوکاتەوە گومانم لەوە هەیە ئەمریکا بیەوێت کەرکوک بخرێتەوە سەر کوردستان. لە باری واقیعیشەوە، ئەمریکا بە دیقەتدان لە بەرژەوەندییەکانی خۆی لێگەڕ تورکیا و دەوڵەتانی عەرەبیی و ناوچەکە مامەڵە لێگەڕ خواستی کورد دەکات دەربارەی کەرکوک. سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە هاوسەنگیی بپارێزێت لە ناوچەکەدا، هەرچەندە ئەم سیاسەتە لە بڕئەنجامدا بە خودی ئەمریکاش سیاسەتکی هەڵەیە و دووربینی و حیکمەتکی تێدا نییە و ئایندەش ئەم ڕاستییە ڕوونتر دەکاتەوە.
دواتر ئەمریکا هەدی هەدی بە ڕازیکردنی دڵی عەرەبی سوونێ و هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی هاوپەیمان و تورکیا ناچاربوو لەسەر حیسابی کورد و لە ڕێی موزایەدەکردن بە کەرکوکەوە پارسەنگی بارودۆخەکە ڕابگرێت، کەوابوو بە هۆ نییە (زاهای خالیزاد) کە وەک دەستی کورد دەردەکەوت لەسەر هەمان نەتەی تورکیا دەنگی بەرز کردەوە و ڕایگەیاند پێویستە کەرکوک بکرێتە هەرێمەکی سەربەخۆ، ئەو لە مانگی نیسانی ڕابردووەدا داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد پرسەی ڕیفراندەم لە شاری کەرکوک ئەنجام نەدرێ و کەرکوک بکرێتە کانتۆنکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی عێراقدا "بڕکسلی عێراق". لە پێش چەند مانگیشەوە هەریەک لە حکوومەتکانی بەریتانیا و ئەمریکا لە هەوڵدان تاکوو لە ڕێی گووشار و قەناعەتەوە پارتی و یەکێتی ڕازی بکەن بۆ ئەوەی مل بدەن بە ویستی دواخستنی ماددەی 140 لە کۆتایی ساڵی 2007دا. ئەم ڕاستییە لە زاری (مەحمود محەمەد)ی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ک)وە ئاشکرا کراوە وەک دەڵێت (ئەمریکا و بەریتانیا لە کاتی سەردانیان بۆ لای سەرۆک و مەکتەبی سیاسیی ئەمە و یەکێتی باسی ئەوەیان کردووە و پێشنیاری ئەوەیان کردووە ماددەی

140 دوابخرێت). پەڕچەت هەر لەسەر هەمان داوای ئەمریکا و بەریتانیا لایەنی کوردیی ناچار بووبێت بە دواخستنی مانگی 140 رازی بێت!!، چوونکە ئەمە ئەمریکا رێگی سەرکی دگرێت لە شانۆی سیاسیی عێراقدا، وەلێ بەریتانیا کێنارگیر و کەمبارس دەردەکەوێت بەڵام لەحاست پرسە ستراتیژییەکاندا ئاگر هێندەی ئەمریکا ڕێ نگرێت بگومان دەور و نەخشی لەو کەمتر نییە. تەنانەت بەریتانیا هێشتا سوورە لەسەر ئەو نەخشە دەرینەکەی سایکس بیکۆ بە ناوچەکە و بەهەر بەهایەک بووە پارێزگاریی لێدەکات.
هەرچەندە (ئالیسن کەمپ)ی قونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە کوردستان ڕایدەگەیەنێت (دەمەوێ باسی ماددەی 140 بکەم، ئەم ماددەیە زۆر هەستیارە بۆ گەلی کورد، ڕای حکوومەتی بەریتانیا نیگەرانە و وەک خۆی ماوەتەوە، حکوومەتی بەریتانیا بە تەواوەتی پاپشتی جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەکات). ئەفسووس واقیع پێچەوانەکەی پێ نیشان داوین و بەریتانیا هەروەک ئەمریکا دەستی هەیە لە دواخستنی ماددەکەدا و ئەمانیش نایانەوێ کەرکوک بگەڕێتەوە سەر کوردستان چوونکە بەردی بناغەی دەوڵەتی کوردیی پێوە بێندە، لە وەختەکدا ئەمریکا– بەریتانیا بگەکانی ماددەی 140 پەکدەخەن جیا لەوەی خۆنی دەوڵەتی کوردیی زیندە بچاڵ دەکەن، دەی دەوڵەتانی دراوسێشی پێ رازی دەکەن کە هێندکیان (وەک تورکیا و شاکانی کێنداو) دەستی لە مەژینەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکان. (د.جەبار قادر) ئەکادیمی کورد لەوبارەوە پێیوایە (ئەمریکا و بەریتانیا لەگەڵ ئەوەدانین کەرکوک بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەو هەیانەی لە بیستەکاندا بەریتانیای هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە دژی دەوڵەتی کوردیی بێ و کەرکوک وەک بەشێک لە باشووری کوردستان دانرێت هێشتا لە ئاراداان، ئەوان ئەو ڕاستییە باش دەزانن گەلانەوەی کەرکوک بە سەر هەرێمی کوردستان ئاگری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی بەهێز دەکات). بەریتانیا لە ئەمریکا مکوترە لە مانەوەی ئەو دیزاینەی لە بیستەکانەوە خۆی ئامادەکاریی بووە لە ڕەنگڕژکردنی ڕژێمەکانی نەوین، دواجاریش بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابووریەکانی دەوڵەتی ئینگلیز لە مانەوەی هەمان ئەو نەخشە و دیزاینەی پشووە.
خولاسە ئەمریکا و بەریتانیا بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و ڕاگرتنی باڵانسی ناوچەکە وەک هەمیشە قوربانی بە کورد و خاکی کوردستان دەدەن، لەوانەیە ئەمجارە وەک پشوو تاوانەکەی نەخرێتە ملی (هێنری کیسنجەر)یکی تر بەکو تاوانباری ڕاستەقینە سەرکردەکانی کوردن!، چوونکە لە دروستکردنی فشار و هونەری سیاسەتدا کەوار و دەستپاچەن و پتر سەرقاڵی هێندە پرسی لاوەکین

و لە پەراوێزی پەشهات و رووداوەکاندا سیاسەت دەکەن، ئەم لەونە لەسیاسەت هەر ئەو ئەنجامی لەدەکەوێتەوە و ئەمە سەری کەرکوک و ماددەی 140 دەخوات و دوور نییە سبەینێ هەولێر و سلێمانی بەهەی ئەم تەرزە سیاسەتوە نەنێنە بانی!!.

دوا وەستگە

دوای چوار ساڵ و هەشت مانگی ڕەبەق بەسەر داوخانی بەعس و گفتوگۆ و دانوستان و شەڕی کورد لەسەر کەرکوک و هەڵهەنجانی ماددەی (58) و (140) هەشتا کەرکوک لەڕوشکی نالەبار و ئازدا دەژی و ئومێدەکانی گەلانەوەی کەرکوک بە سەر هەرەمی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ کاڵتر دەبنەوە و بەرە و نائومێدیی ڕەچکە دەبەستن. ڕۆگاکانی دەستخستنەوەی کەرکوک قورسن، قورسترن لە جەنگێ درێژخایەن و خوێناویی کانی کورد لە دژی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق، هەتا قورسترن لە جادانی دەوڵەتی کوردستان!. لە ئەم ساتەوەختە حەزینە و ئەو کاتژمێرەی لەپێش دەستمانە پەمان دەڵێت کات تەواو بوو، کات تەپەی، هەشتا دیار نییە دوای درێژکردنەوەی شەش مانگی تری پەشنیارکراو بە جێبەجێکردنی ماددەی 140 ئۆگەر ماددەکە دەستی دەستی پێکرا، کورد کام ڕێگا دەگرێتەبەر؟. (د.فوئاد مەعسوم) ڕایدەگەیەنێ: ئۆگەر بڕیتو ماددەی 140 بە تەواوەتی جێبەجێنەکرا ئەوا ناچارین ڕێگەی تر بگرینە بەر!. بڕوانام دکتەر مەعسوم بە جوانی خاڵ لەسەر پیتەکان دانانێت بەئەوەی بزانین ئەو ڕێگایانەی تر چین و ئۆگەری ئەوە هەیە ئومێدیکیان لە پەیدا بێت؟. ئۆگەر ڕێگەکە ڕێگەی جەنگ بێت ئەوە دەرگای دۆزەخ دەکاتەوە و شارەکە تێکەڵا دەکاتە کابووس (ئەم ڕێگایە تاکە ڕێگایە بە وەرگرتنەوەی کەرکوک) ئۆگەر ڕێگەی دیپلۆماسی و گفتوگۆیە، چی وایکردووە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابەقدا کورد لە یاری دیپلۆماسی شکست بخوات؟ ئایا دیسان یاری دیپلۆماسی نابێتە یاری مار و پیژەڵ؟. یان وەک وتە کلاسیکی و میللییەکە دەڵێت کورد ئەوەی بە خوێن و ڕەندک و ئازار بەدەستی دەهێنێت و لە جەنگدا مسۆگەری دەکات هەمیشە لەسەر مێزی گفتوگۆ دەڵاندوویەتی و لە کیسی چووە!! ئایا ئەم جارەش کورد هەمان یاری دەکات؟.

نووسینی: ستیڤان شەمزینی
سوێد – ستۆکهۆڵم

---

*ئەم وتارە شیکارییە پێش سیانزە ساڵ و لە ژمارە (46)ی گەڵاری (نەوەند) لە مانگی دیسامبەری ساڵی 2007 بڵاوبووەتەوە.

تێبینی: کەی ئەم شیکارییە وەک بەشی دووەمی کتێبی "گەمەی شەیتان" لە لاپەرە 69-109 چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کە ئەو کتێبەش بە چاپی کاغەز لە سەرەتای ساڵی 2018 لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بڵاوکراوەتەوە

جیاوازی سەلەفیەکانی کوردستان لەگەڵ داعش !.. سەردار عەبدوڵا حەمە

دیارە سەلەفیەکانی کوردستان چەند جارێکن لە ڕووانگەتداو لە ڕووی کاریگەریان لە سەر خەڵک جیاوازن ، هەیانە زەرتر کاریگەری دائەنێن وە هەیانەکەمتر . هەموویان یەک ستراتجیان هەیە ئەویش گەیشتنە بە حوکمی قەرئان و خودا . ئەمانیش گروپی خەیان هەیە بەناو ناویان لە ناوە ،جیاوازیان لەگەڵ گروپ و حیزبەکانی ئیسلامی سیاسی وەک یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی ئەویە کە زەر بە نهێنی کارەکانیان ئەنجامدەدەن .بەڵام هەموو ئەمانە (ئیسلامی سیاسی و سەلەفی) یەک ستراتجیان هەیەئەویش حکومەتی ئیسلامی و حوکمی شەریعەیە بەڵام لەگاکانیانجیاوازە . ئەی جیاوازی سەلەفیەکانی کوردستان لەگەڵ داعشدا دەبە چی بێت.؟

واتە گەیشتووم تاکتیکی ئەمانە لە ئەستادا ئەو تاکتیکەیە کە محمد پێغەمبەری ئیسلام لە مەککە هەیبوو کە لە وکاتەدا هەزی نەبوو وە لاواز بوو هەوێئەدا بە سازشەوە لەگەڵ نەیارەکانی مامەڵە بکات . لەو کاتانەدا بوو دەیووت ئیسلام ئایینی پەکەوە ژیانە و ئایینی خەتان بە خەتان و ئایینی خەمانبە خەمان . بەڵام کاتە هەزی پەیدا کردو توانی مەدینە داگیر بکا تاکتیکی خەی گەی تاکتیکی نوە ی بەکار هەنا وەک(بیانکوژن لە پەناویەگای خوادا) (دەست بکەن بە کوشتنی هەرکەس ئیسلام نەبە سەری ببەن و ماڵ و سەروەتیان داگیر بکەن و ژنەکانیان بکەنە کەنیزەک) وەکئەوەی کردیان لە گەڵ جوولەکانی هەزی بەنی قەریزە ، دواتریش هەمان ماوەرانیان بەسەر خەڵکی جیهان دا هەنا .

سەلەفیکیانی کوردستان بە تایبەت گروپەکەی عەبدول لەتیف لە قەناخی

سەردەمی« مەککەدا » ئەژین و تاکتیکیان ئەویە سات و سەودا و سازشبکەن لە گەڵ نیارەکانی خۆیان لە گەڵ ئایینەکانی تر و بۆئاینەکان و عەلمانیەکان هەرکەس ئایینی خۆی بە خۆی و باوەڕی خۆی بە خۆی پیادەئەکەن . بارزانی بە وڵی ئەمر دائەنێن و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بە لابردنی ئەو دەسەاتە و هەرجارە توند دەویەک لە دژی ئەو بە کارەکی باشنازانن و پە یان باشە موسەمانان لەی دوور بن . بەڵام ئایا ئەم تاکتیکە تاکەی درێژەی دەبەت ؟ ئەگەر ئەمانە هەزیان پەیدا کرد تاکتیکی خۆیاندەگەڕێن ؟ دەست ئەبەن بە توندو تیژی و پەلاماروو کوشت بەین وەک سەردەمی «مەدینە» ؟ بەڵێ چونکە هەرکارەک پەغەمبەری ئیسلام کردوویەتیئەمان بەڵاست و دروستی دەزانن لادان لە ی کوفرە ، ئەمانیش حوکمی ئیسلامیان دەوە کە خۆیان ئەستا بانگەوازی بە دەکەن و ناوی دەبەن بەحوکمی اللە ، وە سەوابتەکانی ئیسلامیان دەوە لە دەستوور و یاسا دا . ئەمە حوکومەتی سیاسیە چونکە سیفەتی حکومەت کردن واتە سیاسەتکردن . لەم دەسەاتەدا ئیتر ئەوەی نەک ئیسلام نەبە بەڵکو ئەگەر نوەژیش نەکاو وەک ئەوان نەبە بە شمشێر سەری دەبەن ، ئیزیدیەکان ئەنفالئەکەنەوە و ژن و کچ و منداڵیان ئەبەن و پیاوەکانیش سەردەبەن . مورتەد و زیناکار دەکوژن و زاناکان و فەیلەسوفەکان و شاعیر و نوسەرەکانئەگەر مولحید بن دەیانکوژن .

بەڵام ئایا ئەتوانن بگەنە سەردەمی قەناغی « مەدینە » تا ئەم تاکتیکە ئەنجام بدەن ؟ ئەوە پەیوەندی بە ململانێ ئەوان هەیە لەگەڵ هەزە پەشکەوتووخوازەکان و عەلمانیەکان و زانستدا . من خەم بە زەحمەتی ئەزانم لەم سەردەمدا بگەنە ئەو تاکتیکە ، بەو دەلیلەی زانست و عەلمانیەت وپەشکەووتوو خوازی و چەپ و کۆمەنیست لە ئارادایە و لە بەهێزدایە وەک سەردەمی« مەدینە » نیە ئەم هەزانە نەبوون لەو کاتەدا.

بەڵگەیەکی تر ئەویە داعش کەوتە ئەو قەناخەوە واتە قەناخی «مەدینە » و کوشت و کوشتار بەڵام شکستی هێنا ئەوانیش چارنووسیان لە داعشباشتر نابەت ئەگەر دەستی بە ببەن . جیاوازی سەلەفیەکانی کوردستان و داعش لەرەدایە لە دوو تاکتیکی جیاوازدایە ئەوانەی کوردستان وەکسەردەمی « مەککە » تاکتیکیان هەیە بەڵام داعش وەک سەردەمی « مەدینە» .

عەبدول لەتیف جارەکیان لە تەلەفزیۆنەکیەوە لە وەڵامی ئەندامیکی کۆمەڵی ئیسلامیدا ئەو ڕاستیەی درکاند کە ئێستا ئەوان دەبە وەک سەردەمی « مەککە » کار بکەن و تاکتیک ئەنجام بدەن نەک وەک

سەردەمی « مەدینە » تاکتیکی مەدینە ئەو بوو بە هێش پەلاماردان بە سەر دەسەڵاتیجوولەکە و دەوڵەتی ئیسلامی دامەزرا .

بەوام وایە هۆشیاری خەڵک لە ئاستێکدایە کە بواریان پێ نادا ئەم هەڵەفێیان بە ئاکام بگات و بگەنە سەردەمی بەکارهێنانی تاکتیکی « مەدینە».

تەنانەت ڕابەرکانیان ومەلاکانیان لە ئێستادا بوونەتە جێگای مەخسەرو گاڵتەو گەپی ناو سۆشیال میدیاکان .

تاکتیکی ئێستاشیان وا خەریکە بەرەو شکست دەڕوا چونکە ئاستی ئاگاهی کەمەگای مرۆڤایەتی و زانست و تەکنەلەجیا بواریان پێ نادا درێ بکەن .ئەوکاتەی تازە کەرنا لە چین پەیدا بووبوو ووتیان ئەوە غەزەبی خواو سەربازی خوایە بە بە باوەڕان هاتووە چونکە گشتی سەگ وپشیلە و ماردەخەن ، ئەگەر شەش مانگ درێژە بکەشت ووەاتی چین لە ناو دەبات زیاتر لە ٦ مانگی خایاند و چین لە ناو نەچوو بەڵکو سەرکەوتبەسەرکەرنادا، دواتر کە زەر ووەاتی ئیسلامی گرتەوە بە هەزارەها موسەمان مردن بەهەی کورنەاوە ڕایان گەیی و ووتیان کەرنا هەر لە لای خواوەهاتووە بەڵام ئەگەر ئیمانداری کوشت ئەوە شەهیدە و ئەگەر بە ئیمانیشی کوشت ئەوە تەڕەی خوایە و هەندەکیان پێیان وابوو خوا بە تەمبەی ناردووەبەڵام بە زیان دەبە و کاتیەو نامێنە . جگە لەوەی ئەمانە هەموو بە درە خرانەوە هەرلە هەکاری پەیدابوونی ئەم قایرەسە تا زیانەکانی وەک ئەوەدەرنەچوو ئەم سەلەفیانە دێیانووت خۆشیان خستە جێگایی مەخسەرەو نوکتەو گاڵتەوگەپی ناو سۆشیال میدیا . ئەوان بێیە ئەو پروپاگەندەیان کردوەک کارەکی سیاسی بە لەدانی ووەاتی چین و بەهێز کردنی ئەو وەک کارەکی سیاسی و ئایینی بە بەاو کردنەوەی جەهالەت بوو بەڵام بێیان نەکرا.

کاری ئەمانە درە کردن و ڕاگەیین و ڕیاکاریە بە پە ی بەرژوەندی خۆیان . دەبە خەڵک لەوە تێ بگات کە ئەمانە سیاسەت دەکەن بەم جۆرەماڵەیان لایەنگرو دەست بە خۆیان پەیدا دەکەن ، ئەگەر درە نەکەن بە ناوی خواو قورئانەوە کەسیان بە کەنابەتەوە. دەبە درە لەوە گەورە تر چیبە بە منداڵەکی چوارسالانە کە سورەتی فاتیحەی لە تەلەفزیۆنەکیەوە(کەناڵی ئامۆژگاری) خوێند بە ی هەموو عەلمانیەکان و مولحیدەکانی دونیائەوەندەی تە سوودیان بە مرۆڤایەتی نەبووە !!. کە هێیە نەزانە بەرنگار بوونەوەی کەرناو هەموو نەخۆشیەکان و داهێنانی کارباوادیەوتەلەفزیۆن وئینتەرنێت

و کەمپیتەر و ئۆتۆمبیل و فڕۆکەو مانگۆ دەسکردەکان و چوون بۆ ناومانگ و مەریخ و بۆشایی ئاسمان کە لە لایەنەلمانیەکانەوە بووە وڕەسوودەکی گەورەیان هەبووە بۆ مرۆڤایەتی بەڵام خوێندنی سورەتی الفاتیحە لە لایەن منداڵەکەوە بۆ مرۆڤایەتی چ سوودێکیهەیە؟ هیچ .

دەبێ ئەوەش بڵێین بارودۆخێک کە دەسەڵاتی کوردایەتی لە کوردستاندا لە ماوەی ٢٩ ساڵدا خۆقاندوویەتی هەکار بووە بۆ ئەوەی بۆشکی بەرچاو لەخەڵک بدرێ سەلەفیەکان باوەڕ بەنن درۆکانیان بەڵاستی بزانن . بۆکاری و نەبوونی و برسیەتی و بۆ موچەیی و نەبوونی ئازادی و تیرۆر فاندنو ترساندن و تۆقاندنی خەڵک لە لایەن پارتی و یەکێتیەوە و ئەستایش بوونی کۆرنا هۆکارن بۆ هەز کۆکردنەوەی سەلەفیەکان و ئیسلامی سیاسی ،خەڵک هیواو ئومێد بۆ ژیانێکی باشتر لە بەهەشتی دوای مردن لەمانە وەردەگرن چونکە لەم دونیایە بۆ ئومێد بوون ، سەلەفیەکان و ئیسلامیسیاسییش زۆر پەویستیان بە بارودۆخێکی لەم جۆرەیە بۆ گۆشە کردنی خۆیان لە پەناو ئامانجە سیاسیەکانیاندا.

لە هەر ووڵاتێکی دونیا بارودۆخی ئینسان باشتر بووبێ هێزی ئایینەکان کەمتر بووە خەلکی باوەڕ بە خورافات ناهێنن بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. ڕەمبارودۆخە نەک لە کوردستان لە ئاستی جیهان بواری زیاتر خۆش کردووە بۆ شوێن کەوتنی ئیسلامی سیاسی و سەلەفی بە هەردوو جۆرەسەرکیەکەیەوە وەک دووترۆ بە تونڕەوەکە یەوە وەک داعش و قاعیدەوئەوانی تڕەوە تا دگاتە بۆشە نڕەکەی وەک سەلەفیەکانی ئەمڕیکوردستان .

دیارە کە من باوەڕم بە توندڕەو و نڕەم ومیانڕەویان نیە بەڵام باوەڕم بەوە هەیە دوو تاکتیکی جیاوازیان هەیە ئەوەی بۆخی دڕە نڕەم و میانڕەوتاکتیکی ئیسلامی سەردەمی « مەککە » ی هەیە ئیسلام بە ئایینی پەکەوە ژیان و(لكم دينكم ولي دين) پەیڕەو دەکا و داعشەکەش کە پە ی دووترتوند ڕەو تاکتیکی ئیسلامی سەردەمی « مەدینە » ی هەیە (کە تەنها ئیسلام ڕەگای خودایە و ئەوانی تر نابە بەنن) پیادە دەکا . ئەمە یە خاڵیلکچوون و جیاوازی هەردوو جۆرە سەلەفیەکان ی کوردستان و داعش.

سەردار عەبدوڵا حەمە

١١/١١/٢٠٢٠

پراکتیزەکردنی سیستەم .. ئارام ئازاد

سیاسەتی دەوڵەتداری لە پایەکانی کورسیەک دەچێ هەر کاتێک یەکێک لە پایەکان کەوت کورسیەکە بێ کار نامێنێ، بەڵام لە هەرێمیکوردستان خراپترین ڕووداوە، هەر چوار پایەکانی کورسیەکەی هەرێمی کوردستان دەمەکێ کەوتوە کەچی حوکم بەهێزتر بووە.

پراکتیزەکردنی سیستەم وەک لە قەیران دەردەهێنێت کەچی لەڕ وایلەهاتوە سیستەم لەسەر ئاساسی خۆگونجاندن لەگەڵ قەیرانداددەرئژرێتوە وایلەهاتووە قەیران بێ قەیران دادەپشرێ، بەجۆرێکی لێهاتووە گەر بڵێی بتوە باسی شتێکی باش بکەی کە لە ئابردوونووسەر توانیویەتی دوو دەیی لەسەر بنوسێ ئێستا مەجالی ئەم دوو دەیەش نەماوە، لەبەر بێ دواوە بێ ئاشکاوی لەگەڵ یەک قسە بکەینباشترێ. لە کتێبی 1984ی جۆرج ئۆرویل لە یەک لە دەیەکان دەیە (هەز و دەسەڵات بریتیە لە ڕوخاندنی مەشکەکان و دواتر دروستکردنەوەیبەو شێوازی کە خەت مەبەستێتێ) ئەوە یەکێکە لە هەرە ئاساسترین ئەو بابەتانەی دونیای ئێستای پێوە سەرقاڵە، مەجالی بیرکردنەوە وەهشیار بوون بەرەو ئاراستەیەکی زەر کارەساتبار ئەویش بێ چەندین شێواز بەرجەستەیە یەک لەوان بابەت دروستکردنە بێ لەبیربردنەوەیبابەتی زەر کاریگەرتر چونکە وەک وتراوە (ئەوەی لەبەرچاوانە،لەبەر دەانە) بەیە بابەتی گەرمیش بێ تەئکید کەیاری زیاترێ لە بابەتێک کە چوارمانگ لەوەو پێش ڕووداوە، ئەم شێوازە تازەیە بێ چەندین مەبەستی بێ دواوەیە و وەک عەرەب وتەنی (لا مفر منه) واتە بێ هیچ شێوەیکدەرباز لەی نییە و ناشبەت، خەزگێ بەشێک بوایە لە فەلسەفە چونکە ئەوکات چەندین کتێب و نامیلکە لە پەناوی هەشیار بوون لەی بەاودکرایەوە، تەبعەن بەشێک لە خەڵکی ڕەخنەیان لەم شێوازە هەیە بەڵام ناشزانن کە خەیان هەکارن بێ زووتر بەاوکردنەوەی بێ تایبەت چینیکاسبکاری بازاڕ، جا هەموو ئەوانەی کە باسکران با بهێنینەوە مەیدانی واقیع و بەرجەستەی خەمان، میللەتی کورد ئەمڕۆ بەشێکە لەم یاریە بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دوایی دەسەاتی کوردی بێ ئەوەی چەندین بابەتی زەر هەنوکەیی و گرنگ لەبیر خەڵک بباتەوە، چەندین جار ئەمشێوازەی بەکارهێناوە جا هەر

لە دروستکردنی چەندین بابەت لەوانە پارە سەرف کردن لە سەشیا میدیا و دروستکردنی چەندین کەسایەتیفەیک یا بە دروستکردنی ڕوداوی بە ئەنقەست یا بە درۆکردنەوە و گەورەکردنی ڕوداوێکی حاڵەتکی ڕۆژانە، ئەوانە هەموو مەشکی گەل بەرەولایەکدا لاسەنگ دەکەنەوە کە بە دەسی ئەوانە. سەرلەشێواندن بەشکە لەم شەوازە، کە ڕوداوێک ڕویداوە ئایا کە هەکارە؟ ئایا پەیوەندی بە کوەهەیە؟ ئەی هەکاری ڕودانەکەی چیە؟ ئەگەر بە شێوەیکی گشتی ئەم پرسیارانە دروست ببن ئەوا دنیا بن کەسانک هەن کە پیشەیانشێواندنی ئەمجۆرە ئەحداسانەیە بە شکلکی مونزەم و زیاتریش لە ڕەگەی میدیاوە دەیکەن بە ئەوەی بگاتە هەمومان هەتا ئەڕە شتکیئاسایی چونکە پیشەی ئەوانە، ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە کە ئەم ڕوداوانە بە مەبەستی لەدانی چەندین کەسایەتی یا گروپ یا فاوندەیشنیگەورە بکارهەنراوە. کەشەی بنچینەیی ئەوەیە خەڵک خەی لەگەڵ ئەم گۆڕاوە ڕاهەناوە و هەوەی ئەوە نادات کە خەی لەکدانەوەیکی دروست ومەنتقی بە بکا چونکە مەجالی تەفکرینیان نەهەشتۆتەوە، بەڵام لەوە تەناگەن کە یەکەک لە بنچینەکانی میدیای لایەندار ئەوەیە (دڕبکە، دڕبکە،دڕبکە، تا باوەت پە دەکەن). ئەی چی بکڕە بە ئەوەی بەسەر ئەم شەوازەدا زاڵ بین؟ ئەساسترین خاڵ ئەوەیە کە مرۆڤ بەهای مرۆڤبوونی خەی بزانە بە بیرکرجنەوەی تەندروست و مەنتق و هەبوونی ڕای گونجاو لە کاتی گونجاو بە هەڕ بارودۆخ و مەوقیفەک شەرت نیە دڕیببەڵ بەڵام شەرتە کە ڕای هەبە، دەکارت دەڵە (من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم).

ڕاکردن لە جەستەوە بە ڕەح .. محەمەد بەرزان

دەستت بنێ
با لە دیمەنی
تانکو تەپی شکاوی
..ئەم کاولستانا ڕاکەین...

وەرە لەگەڵم،

من لە چاوەکانی باپیرەم و
دەفتەری یادگاری باوکم و
لە پشت ئەشکەی
دایکمەوە فڕبووم،
دەبە هەر ساە نا ساەە ەاکەین،

دەبە هەر چەند
ساەە جارە
بارەگامان لە کەە نەین و
ەوو لە دەشتو
دەە و چیاکەین،

دەستت بەنە
گەر بەوا ناکەی
با ئەلبومی ژیانی
هەرچی کوردە
هەەبەینەوە و تەماشاکەین.

دەستت بەنە
ئەمجارەیان بەشی
خەمە هەەدان و،
سەرما و سەەەی
نەوەتو یەک و
شانزەی ئەکتەبەرەکی تر ناکەین..

دەستت بەنە
با ەەینەک بەەین
بە ئاوە دانەوە، بە گەەانەوە
بە شەوەیەک کە
تەماشای دواوە ناکەین...

دەستت بەنە
من نامەوە کوەەکەشمان
بە دیکتاتەرەکی ترو،
جەنگەکی ترو
ەەکەوتەکی قەزەونی
تری وەک و ئەنفاە ئاشناکەین..

دەست بەنە

با لەم ژینە سەدبارەیە
با لەم مەژوو ڕەشە پڕ لە
خوێن و ژمارەیە
جەنگی کۆتایی لەگەڵ ئەم
هەموو جەنگەیا بڕپاکەین...

دەستت بێنە،
وەرز نەبووی؟!
لە لەرزەی پەنجەرەو
لە درەی سەیرو سەمەرەو
لەوەی لەگەڵ هەر گرمەیەک
دەبوو شووشەی پەنجەرە چاکەین؟!

وەرز نەبووی؟!
لەوەی لە هەر ژوانێ
ئەکەر کەسێک بهاتایا
دەبوو دەستی یەکتر بگرتەین
تەماشای ئەملاو ئەولاکەین؟!

وەرز نەبووی؟!
لەوەی لە ژێر بارینی گولەو
بێنی باروت و بێنی سەو
پارویەک نان پەیداکەین؟!

ئەدی بۆ نیازی هەتا کەی
من لە سوچێکی ژوورەکەم
تۆ لە پشتی دایکتەوە
بۆ بۆیەکبوونمان نزاکەین؟!

وەرە ئازیز
وەرە با بڕۆین
ئەم کاولستانە پڕە لە ئاغا،
وەرە با نەفرەت لە ئاغا و
لە بەگ و شا کەین..

دەستت بێنە،
من لە ئاگر زێر ئەترسم
با هەندەکیش ڕوو لە شەپۆل و
تۆفان و با کەین..

شەرم مەکە
ڕوو زەرد نابین
خۆ ئەمە وەک فڕان و فیسار
لە کورد بوون ڕاناکەین!

لە هەر قوژبنێکی
ئەم دنیایە بین
هەر کورد ئەبین
هەم خەراک و هەم
لە دایکبووی ئەم خاکەین!

شیعری پەروەردەیی و گەشتێک لەگەڵ شیعرەکانی ڕەستەم خامۆش .. مەریوان سەلاح حیلمی

بەشی یەکەم:
ڕەستەم خامۆش خاوەنی دوو دیوانە شیعرە بۆ منداڵان، ئەمە دانەیەکیمان دەستکەوت بەناوی (گوڵی ئاوات)، جگە لەمەش لەلاپەڕەی فەیسبوکی خۆی ڕۆژانەو ناوبەناو بابەت بۆاو دەکاتەوە، ئەم شاعیرە لەشیعرەکانیدا خەمی چەند شتێکەتی، کە گرنگترینیان: منداڵان کە بریتیە لە پەروەردە، هەروەها هەژاران، ئەم دوو خەمەشی خەمێکی تا بڕێی جوان و پیرۆزن.
شیعری پەروەردەیی بۆ منداڵان لای ئەم شاعیرە پانتاییەکی گەورە داگیردەکات و شاعیریش هەر بەشاعیری منداڵان و پەروەردە ناسراوە، ڕەستەم خامۆش وەك لە نازناوەکەیدا هاتووە، کە بریتیە لە خامۆش بۆ ئەوە خامۆش نیە کە شت نەبێ، بەڵکو خامۆشیەکی ئەم، هەمنییە، واتە بە هەمنی ڕۆگایەکی دوور و درۆژ دەبڕێت، کە بریتیە لە پەروەردە کردنی منداڵان.
بابەتەکانی ڕۆژ گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لای ئەم شاعیرە، چونکە دەزانێت ئاوازی شیعر کاریگەری گەورەی لە هەست و نەستی منداڵاندا هەیە، ئێستا کە ئەم چەند دێڕە دەنوسین نەخۆشی کۆرۆنا تەنگی بە

جیهان هەڵچنیوە شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێ:

بـــــــــڵێ بـــــــڵێ کـــــنا
بـــــــڵێ دووڕکـــــاوی لـێمان
ڕەنـمـایـیـمـــان وەرگـــرت
چـەنـد پـاکـێ شـوێن و جـێمـان

تـا بـژیـــن بـــێ لـەشـساغی
وا بـــێ ڕەکـــی پـابـەنـدیـن
پـــابـــەنـــد بـــــەڕەنـمـایـی
واتـا ژیـر و هـۆشـمـەنـدیـن

بـــــن بـــێ و بـێیـارمـانـدا
بـەردەوام دەســتـمـان بشـێین
بـــــێ شـــوێـنـی قـــڕبـــاڵـغ
نـاچـیـن و هـەرگـیـــز نـاڕەیـین

تـێـنـدروســـتـیـمـــان دەوێ
بـــێ خـەمـان و ئـێو خـــەڵـکـێ
ژینمان خـۆشـدەوێ و دەڕەیـین
خـــێ پـاراســـتـن بـــێ کـــەڵـکـێ
ڕەستەم خامەش
هەولێر 17/3/2020

1ـ شیعرەکە لەسەر کێشی حەوت بڕگەییە، کە منااڵن پێی ئاشنان و حەزیان لێیەتی.
2ـ قافیە و کێشی شیعرەکە بەدوو جۆر لێکدانەوەی بۆ دەکرێ، هەندێ ڕایان وایە کێشی شیعرەکەو قافیەکەی چوارەدە بڕگەییەو لەت کراوە، هەندێکیش ڕایان وایە کە دێڕی دووەم و چوارەم هاوسەروا کراوە و یەکەم و سێیەم ئازادە، کە من لام وایە ئەمەی دووەمیان گونجاوترەو پێشتر خوالێخۆشبوو (محەمەد عومەر عوسمان) لەدیوانی لە غوربەتا کردی بە ئەمری واقیع و شیعری باو لەدوای ساڵی 1975وە، مەبەستمان لەمە ئەوەیە کە حەمەعومەری شاعیر گرنگی پێداوە ئەگینا کەم تازۆر شاعیران گرنگیان بەم تەرزە شیعرە داوە لە ڕووی ڕوخسارەوە.
3ـ لەدێڕی (وا بەڕەکـی پابەنـدین) بیکردایـە بـە (وا بەجـوانی پابەندین) گونجاوتر دەبوو.
4ـ ئەم جۆرە شیعرانەو سەرجەم ئەوانەی کە شیعری منااڵن ئەنوسن لە ڕەوانبێژیدا پێیان دەوترێ (سەهلی مومتەنیع)، کە بریتییە لە

نوسینی بەرهەمێك جا شیعر بێت، یان چیرۆك، یان رۆمان، كه ئەیخۆنیتەوه ئاسانەو وا ئەزانی تۆش دەتوانی لەوه بنووسیت، بەڵام كه دەست دەكەیت به نوسین نازانیت و ناتوانیت بینوسیت، مامۆستا عوسمان محەمەد هەورامی به (ئاسانی بێ نەهات) كردوویەتی بەكوردی، جا شیعرەكانی (رۆستەم خامۆش)و پێشتریش كه ئیشمان لەسەر مامۆستایان عوسمان محەمەد هەورامی و فەرهاد بەرزنجی و ئازاد هەرێنی كردووه هەمان پێناسەی (سەهلی مومتەنیع) بەسەریاندا دەسەپێت.

بەشی دووەم:

شیعری (ئاسك) كه لەدیوانی گۆڵی ئاوات لاپەڕه 28دایه، شاعیر لەڕێی ئەم شیعرەوه مناڵان فێردەكات، كه ڕۆژ له ئاژەڵ بگرن، لەناویاندا ئاسكی هەڵبژاردووه، چونكه ئاسك زۆرترین خواستی لەسەره هەم بێ گۆشتەكەی هەم بێ راگرتنی له باخ و كۆشكەكاندا.

بۆچی شیعری ئاسك گرنگه ؟

چونكه مناڵان دەبێت له مناڵیەوه فێربكرێن، كه راوكردن و قڕكردنی ئاژەڵان شتێكی خراپه، نەك له گەورەیی كه ئەستەمه راوكردنی بێ تەرك بكرێت، بۆیه شاعیر به وەصفی (ئاسك) دەسپێدەكات و دەڵێ:

ئەو گیاندارە، ئاسكە
چەندە جوان و ناسكە
با سەربەست و ئازاد بێ
لەسروشت دڵی شاد بێ
ئازاری مەدەن هەرگیز
جوانە ئاسكی ئازیز
مەیخەنە بەندیخانە
با بژی لەو كێوانە
بێ خەی و بێچووەكانی
بژین بە كامەرانی
...

لەم شیعرەدا شاعیر له زمانی مناڵەوه دوو شت دەڵێ یەكەمیان ئازاردان كه لای گەورەكانیش دەكاتە راوكردن، دووەمیان شوێنی ئاژەڵەكان دەشت و كێوه نەك بەند كردنی بەناوی رازاندنەوەی ماڵە دەوڵەمەند و بەرپرسەكان، بەداخەوه لەدوای راپەڕینی 1991وه تا نوسینی ئەم شیعرەو ئەم لێكۆڵینەوەیه كەسانی بەرپرس لەلایەك و چاوچنۆك لەلایەكی تریشەوه زۆر بەبەزەییانه كەوتنه راوكردنی ئاژەڵ و مەل بەنیازی قڕكردنیان، بەنمونه لەدەشتی شارەزووردا (پێ و سوسكه) كه باڵداری كێوی جوانن، بەئەندازەی كۆترێك دەبن، ئێستا

لەقۆکردندان یان نەماون یان زۆر کەمبوونەتەوە، ئاسکیش بەهەمان شێوە.
ئەم شیعرە هەرچەند بۆ مناڵ نوسراوە بەڵام هاوکاتیش کەللەی بڕشی راوچیان و بەرپرسانیش دەگرێتەوە، واتە رەخنەگرتنە لەوان لەلایەك و مناڵیش هاندەدات بۆ ئەوەی لە ئێستای مناڵیدا ئازاری گیانلەبەرو لەگەورەییشدا توخنی راونەکەون.
تێبینی: راوکردن لەکاتێکدا دەبێت ئاسایی بێت، کە دەوڵەت خۆی ڕێگەبدات، کە چ ئاژەڵێك راوبکرێت و لە چ وەرزێکدا بۆ ئەوەی هاوسەنگی ژینگە رابگیرێت، نەك ئەوەی لەکوردستاندا بە قاچاخ دەکرێت بەمەبەستی لەناوبردن و قڕکردن.

بەشی سێیەم:
گرنگیدان بە تەندروستی لە شیعری (ئامۆژگاری پزیشك) ی ڕستەم خامۆشدا
فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەمانی شوبنهاوەر زۆرجێخت لەسەر لەشساخی دەکاتەوە، پێی وایە سەرچاوەی سەرکی هەموو خۆشبەختییەکی مرۆڤ ، پێش هەموو شتێك لەشساخییە. هەربۆیە دەڵێت:
نەوەد لەسەد، بەختەوەریمان پێویستە بەلەشساخیمانەوە، لەشساخی هەموو شتێکە و سەرچاوەی هەموو چێژ و خۆشییەکە، بەبێ لەشساخی، هیچ بەخششێکی دەرکی نییە چێژبەخش بێت، دەتوانین بڵێین هەژارێکی دەستکورتی لەشساخ، زۆر لە پاشایێکی نەخۆش بەختەورترە.
ڕستەم خامۆشیش بابەتی تەندروستی و گوێ گرتن لە پزیشکەکان دەبێتە بابەتی یەکێك لە شیعرەکانی و دەنوسێ:

ئامۆژگاری پزیشك
وەرێدەگرم بە بێشك
چونکە من باش دەزانم
سوود بەخشە بۆ ژیانم
لە بۆ تەندروستی خۆم
من شیرینی زۆر ناخۆم
ڕێنمایی دکتۆرە
بگومان سوودی زۆرە
بەڵێ هەتا لەشساغ بم
نەخۆش نەبم بۆ ئاخ بم
بۆ دەردو بۆ کەسەر بم
لە ژێندا بەختەوەربم
خۆم دەپارێزم بەڵێ
کە پزیشك پێم دەڵێ

1ـ له قۆناغی منالی و هەرزەکاری، قۆناغێکە کە منالان و گەنجان لاسار دەبن و پێچەوانەی قسەی پزیشکان و دایکان و باوکان رەفتار دەکەن، بۆیە شیعر و گرنگیدان بە تەندروستی سەرچاوەیەکی باشی شیعری منالانە.
2ـ شاعیر کە باسی خراپی شیرینی دەکات ، پێویست بوو ئاماژە بەوەبدات کە خواردنی شیرینی زۆر بۆ منالان خراپیەکەی بە پلەی یەکەم بۆ ددانەکانیتی، چونکە کە منال ددانی کلۆر دەبێت یەکێك لەو ئازارانەی کە دەیچێژێت ئەوەیە کە دایك و باوکی دەیبەن بۆ لای دکتۆر و ددانی تەعمیر دەکەن، بۆیە شاعیرێکی تر کە بیرم نیە کێیە لەم بارەیەوە دەڵێ:

لایبە نوقڵ بەم شەوە
دانم گیرێدەی ئەوە
بەشەو شیرینی ناخۆم
نەك کلۆر بۆ دانی خۆم

منال ناتوانێ شیرینی نەخوات، بەڵام باشتر وایە شاعیران ئامۆژگاری منالان بەوە بکەن لەگەڵ خواردنی جۆرەکانی شیرینی هەر لە نوقڵەوە تا دەگاتە نەستەلەو… هتد، کە خواردیان بچن ددانیان بشۆن بۆ ئەوەی ددانەکانیان کلۆر نەبێ و تووشی ئازار نەبن، وەسەرەڕای ئەوەش دان شتن بکەن بە ئەرك وەك چۆن سەعی ئەکەن ئاوەهاش رۆژانە دووسێ جار ددانیان بشۆن، بەڵام رستەم خامۆش بۆ ئەوەی ئەو شیعرە درۆژە نەکێشێت، لەشیعرێکی تر بەناوی (ددانەکانم) دەنوسێت:

ددانەکانم دەشۆم
لەبۆ تەندروستی خۆم
هەتا پیس و بۆر نەبن
بەکو قەت کلۆر نەبن
من جوان دەیانپارێزم
دەڵێم: ددان بەهێزم
پارێزگاری لە ددان
پێویستە لەسەر هەموان

بەشی چوارەم:

گرنگیدان بە خوێندن و خوێندنەوە لە دوو شیعری رستەم خامۆش دا شاعیر دەزانێت چ بابەتێك هەدەبژێرێت و بۆ چ سەردەمێك بابەت دەکات بەشیعر، شیعری (گۆڤارێك) شیعرێکی گرنگەو گرنگیەکەش لەوەدایە کە خوێندن و فێربوون و هاوکاتیش خوێندنەوە دەبێت لە منالیەوە دەستپێبکات بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەك، کە دواتر لەگەڵ

تەمەنیدا بڕوات:

گۆڤارێك

گۆڤارێكم كڕیوە
من زۆر سوودم لێدیوە
پڕ لە شیعر و چیرۆكە
پڕ لە وێنەو دیرۆكە
زانیاری زۆر تێدایە
بە نرخ و بە بەهایە
هەر جارێ دەیخوێنمەوە
سوودی لێدەبینمەوە

هۆشیاری شاعیر لەوەدایە كە منا و پشتریش دایك و باوك رابهێنێت لەسەر ئەوەی منا ان شیعر و چیرۆك بخوێننەوە، چونكە لەو قۆناغەدا منا ان دەبێت لەگەڵی شیعرو چیرۆكەوە ورده ورده راكشرێن بۆ بابەتی تر، ئەمە یەك، دووەم ئەوەیە كە منا ان ئەمڕۆ هەموو كاتەكانیان بە مۆبایل و ئایپاد بەسەر دەبەن، لەوانەیە منا ان بكەون بەسەر دەیان بابەت و گرتەی قیدیۆیدا كە هی تەمەنی ئەو نەبێت، بەڵام كە گۆڤارێكی منا ان بۆاودەكرێتەوە ئەوا سەرجەم بابەت و نوسینەكانی تایبەت بۆ منا ان نوسراون.
هەر خوێندن و خوێندنەوە كە تەواوكەری یەكترن، شاعیر لە شیعرێكی تردا بەناوی (دەخوێنین) دەڵێت:
منداڵی گوند و شارین
هەردەم ژیر و هۆشیارین
خاوەنی هزرو هەستین
لە خوێندندا ناوەستین
دەمانەوێ بە خوێندن
نەزانی دەربڕێ لەبن
دەخوێنین تا سەركەوتن
تا دەبینین پشكەوتن

هەتا خوێندن و فێربوون لەشار و گوند وەك یەك گەشەنەكات ئەوا وڵات پشناكەوێت، خوێندن دەبێت وەك یەك بۆ هەموو منا ان دەستەبەر بكرێت، بەڵام ئەم وەكیەكیە لە كوردستان تەواو لاسەنگەو دەسەڵاتی كوردی لەدوای روخاندنی بەعس لە ساڵی 2003وە، بەتەواوی كەوتە جیاكردنەوەی دوو جۆر فێربوون و پەروەردە لەكوردستاندا، جۆرێكیان ئەهلی و راقیەو فێركردن تیایدا مسۆگەرەو هاوشانی وڵاتە

پشکەوتووەکان دەوات لە هەموو رووبەکەوە هەر لە بینای خوێندن و پەداویستیەکانییەوە تاوەکو هێنانی مامستای جڕاو جڕ و درژی ماوەی دەوام لە هەشتی بەیانییەوە تاوەکو عەسر، جڕەکەی تریان حکومیەو ئەمەشیان دوو جڕە، جڕی یەکەمیان پەروەردەو خوێندنی شارەکان و دووەمیان هی لادێکان و شوێنە دوورەکانە، ئەگەرچی هەردوو جڕە حکومیەکە رژ بەرژ بەرەو پاشەکشێ دەوات، بەڵام هی شارەکان باشترە لە لادێکان، چونکە لە شاردا مامستای بەئەزموون زیاتر کەدەبێتەوە.
کەواتە با لەرووی کوالێتیەوە خوێندنی حکومی پاشەکشێی کردبێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناهێنێ کە وازی لێبهێنرێ، وەك شاعیر لە شیعرەکەدا جەخت لەسەر خوێندن دەکاتەوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێ، کە ئەو منالە گەورە بوو درك بەو نایەکسانییە بکات کە لەپەروەردەو فڕکردندا هەیە و هەوڵی گۆڕینی واقیع بدات، رەنگە هەبن ئەم هەوڵی گۆڕینە بەخەیاڵ و یۆتۆپیا دابنێن، بەڵام خەیاڵ نیە، چونکە ئەگەر منالێك سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی نەبڕیبێ ئەوا لە گەورەییدا درك بەو جیاوازییە ناکات، بەداخەوە هەندێ لە خزانەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت لە لادێکان بەهۆی بژێوی ژیانەوە منا دوای چەند ساڵێك خوێندن ئیتر دەریان دەهێنن و لایان وایە منا پێنج شەش ساڵ خوێندنی بەسەو فڕی نوسین و خوێندنەوە بووەو دوو کەت دوو دەکاتە چوار و دەزانێ لەکاسبیدا حساب بکات و پارە کێ بکاتەوە، بەڵام ئەم بیرکردنەوەیە هەتا بڕی کورتە و خوێندن شتکە کتایی نایەت و بەردەوام بوون لەسەر هشیاری زیاد دەکات و وازهێنان لێی وەستان دروستدەکات.

سەرچاوەکان:

1ــ گۆی ئاوات، بەشێك لە شیعرەکانی رستەم خامش، چاپی ساڵی 2019 هەولێر
2ــ سایتی شارپرس
3ــ فەیسبووکی شاعیر رستەم خامش

چیتر خەڵك چەواشە مەکەن .. ئەحمەد رەجەب

لە گەڵ هەر کەسپ و تەگەرەیەك رووبدات سەرکایەتی هەرێم و سەرکایەتی حکومەت ئەگەرێنەوە بۆ قەوانە سوواوەکەو قسەی بریقەدار وباسکردنی شایستەکانی خەڵکی کوردستان و هەڵکەشانی ئاخ بەرامبەر رەفتاری لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعە کە لە پشتەوە بە خەنجەر لە پشتی گەلی کوردستانیانداوە بەبۆ رەچاوکردنی بەهاکانی پێکەوە ژیان و هاوبەشی وبنەماکانی سیستمی فیدراڵی و دەستووری عێراق و هەموو ئەم جارە قسانە بۆ ئەوەی خەڵك بکەنە چاوی خەڵك و چەواشەیان بکەن.

سەرکایەتی هەرێم و سەرکایەتی حکومەتی کوردستان سوور بوون لە سەر قەرخکاری دەستکەوتات و نیازیان وابوو کوردستان بکەنە (موڵکی) خۆیان و تاکە حزبێك و، گوێ بە کەس نەدەن و، هەر لەو رووانگەیەوە بایەخیان بە مستەشار جاش و خاین و ترسنۆکی هەڵاتوو پاشماوەی حیزبی بەعس و رژێمە خوێناویەکەی سەدام حوسێن دا بە ناوی سوننەوەو ، هەر هەموو ئەمانە لە سەر بژێوی خەزانی پێشمەرگەو هەژارو کرێکارو جوتیارو خەڵکی بە دەرامەتی کوردستان نانیان ئەخواردو ئێستاش هەر ئەخۆن و ، جێی خەوتن حەوانەوەو ئەمن و ئاسایشیان بۆ دابین کراوە، لە پاڵ عەرەبی سوننە بایەخی زۆرتان دا بە عەرەبی شیعەو بەرژەوندی خۆتان کرنووشتان بۆیان برد،

ئەوە خۆتان سەرچاوەی نەهامەتییەکانی گەلی کوردستانن و، هەر خۆتان خاوەنی حکومەتێکی ئیفلیجن و قەت ناتوانن خواست و داوای هاوڵاتیان بهێننەدی و، ئەوە درێژەپێدەری ئەو حکومەتەن کە بە خواست و ئارەزووی چەند هەرزەی کاڤام و وەزیرێکی تا سەر ئێسقان دز نەوتی کوردستانتان بۆ ماوەی (50) ساڵ بەبۆ بەرامبەر داوە بە تورکیای داگیرکەر.

بەستنەوەی کوردستان بە تورکیا زۆر مەترسیدارە و، حکومەت بەرامبەر بە تورکیا بدەنگەو، لە جیاتی حکومەت پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەن بریارەو ، کەشە دروست ئەکات و، هێز بەملاو ئەولا بۆاو ئەکاتەوەو، شەر لە خزمەتی تورکیا بەرپا ئەکات. و، ئەوەی رۆژی 12/11/2020 لە پەرلەمانی عێراق بۆ زۆرینەی دەنگی شیعەو سوننەکان یاسای وەرگرتنی قەرزیان بەبۆ رێزاماندی کوردو پەسەند کردو ئەوەش رەنگدانەوەی پێدەسەڵاتی و نەبوونی سەربەخۆیی حکومەتە.

حکومەتی کوردستان بایەخی زۆری بە عەرەبی سوننەداو، هەوڵەر

ئەستاشی لە گەدا بێت بووە بە مێگای بەعسییە خوێنرێژەکان و ئەمەش لە بەر خاتری کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە و ئەمریکاو، هەر حکومەتی کوردستان بوو بایەخی بە حزبە شیعەکانی پشکپشکێنە داو هەموو کات باسی لە تەوافق و سازان و شەراکەت کردووە.
حکومەتی کوردستان ئەوەندە شاندی نارده بەغداو هەموو جاریکیش بێاو ئەکرایەوە گوایە گیروگرفتەکانی نێوان هەولێرو بەغدا چارەسەر بوون و رێککەوتنیان واژوو کردووە راست دەرنەچوون کەس گوێیان لێناگرێت و بە درێزن و ساختەچی فێباز ناویان ئەبەن و، خاڵی سەرەکی ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە ـــ 250 ـــ هەزار بەرمیل نەوت رەوانەی بەغدا بکات بۆ کۆمپانیای (سۆمۆ) لە بەرمبەریشدا حکۆمەتی ناوەند پشکی ساڵانەی هەرێم (بودجە) و مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەران دابین ئەکات.
.بۆئەوەی بوار بە حکومەت و کەسانی تر نەدرێت یاری بە هەست و سۆزی هاوڵاتیانی کوردستان بکەن و دوور بن لەوەی خەنجەریان لێبدرێت پێویستە :
داوا لە تورکیا بکریت لە خاکی کوردستان بچێتە دەرەوە و، هەرچی بنکەی سەربازی و سیخوری هەیە ببات‌ەوە.
هەلوەشاندەوەی رێککەوتنە (50) ساڵە بر شەرمەزاریەکە لە گەڵ تورکیاو چیتر نەوتی کوردستانی بە خۆرایی پێنەدرێت.
ئەو کەسانەی لەو رێککەوتنەی تورکیا بەشدار بوون بدرێنە دادگاو سزا بدرێن چونکە ئەو کارە لە ژێر پەردەوەو بە دزی و بەبێ رەزامەندی گەلی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان کراوە.
حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە ـــ 250 ـــ هەزار بەرمیل نەوت رەوانەی بەغدا بکات بۆ کۆمپانیای (سۆمۆ) .
وازهێنان لە هەرەشەو قسەی نابەجێ وتومەت دابەشکردن بە سەرئەم و ئەو.
نەهێشتنی رەوایەتی دزیی و گواستنەوەی نەوت بە ئارەززی بەرپرسانی باڵا.
دوور کەوتنەوە لە کێبوونەو لە گەڵ حزبەکانی کوردستانو هەوڵ بدەن کۆتایی بە کات بە سەربردن بهێنن.
نابێت حزبە کانی کوردستان لە کردەوەکانی حکومەت بێدەنگ بن.
پێویستە حکومەتی کوردستان وریا بێت و باش بزانێت قەت رۆژێك لە رۆژان سوننە بەعسییەکان و تاقمی سەدام حوسەێن و حەسەن عەلی مجیدو نوری مالکی و هادی عامری و خیدر عەبادی دەستی کورد نەبوون و حەزناکەن کورد پێشبکەوێت و بە ئاسوودەیی ژیان بەسەر ببات.
15/11/2020

.

ئەلیقیا مانینگ یەکەکە لە کچە بلیمەتەکانی جیهان.. ڕەزا شوان

بە ماوەی چەندین سەدە لە جیهاندا، زیانەکی نەژمار بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی کەوت، بە زاڵبوونی پیاو و پیاوسالاری. بە هەی پاوانکردنی بەهرە و بلیمەتییەکانی ژنان. ڕ بە ژنان نادرا کە خۆیان بسەلمێنن و بەهرە و تواناکانیان لە هەموو بوارەکاندا دەربخەن.
زۆر لە خەڵکی پێیان وابوو، کە پیاوان زیرەکترین بوونەوەرن لە جیهاندا. گەرچی ژنان بە خڕایی یەکسانی توانا و هوش و بیری خۆیان دەرخست. سەلماندیان کە لە پیاوان کەمتر نین. گەلی لە ژنان ئەوەشیان سەلماند، لە زۆر لە بوارەکانی ژیاندا، لە پیاوان باشترن و سەرکەوتووترن. بە تایبەتیش لە بواری فەرکردن و پەروەردەکردنی منداڵان، بە شێوەیەکی گشتیش لە زۆر کاروبارە گشتییەکانی تردا ژنان سەرکەوتووترن. تەنانەت لە زۆر لە کارە سەرکەوتووەکانی پیاوانی ناوداردانیش، پاڵپشتی ژنیان لەپشتەوە بووە.
ناپلیۆن دەڵێت:" لەپشت هەموو گەورە پیاوێکەوە.. گەورە ژنێک هەیە"
بە کرداری سەلمێنرا کە ژن زیرەکە. هەموومان ئەم راستییە دەزانین. بەڵام تا ئەمڕۆش کەسانێکی کەنەپەرست دان بەم راستییەدا نانێن، ژنان بە پاشکەی پیاوان دەزانن.
هەندە لە ژنانی زیرەک و بلیمەتی جیاواز و هەڵکەوتوو، تەکەای زیرەکییان بە ڕەهایی لە ئادەمیزاد باباترە. بەپێی پێوەری (مینسا) بە پلەوانەی تەکەای زیرەکی، چەندین ژن تەکەای پلەی زیرەکیان لە سەرووی پلەی بلیمەتی (١٦٠) ەوێن. خاوەنی باباترین تەکرای زیرەکین. کە تا ئێستا هیچ پیاوێک ئەو پلە زیرەکی و بلیمەتییان بەدەست نەهێناون.

ئاماژە بە ناوی (١١) ژن لەو ژنە بلیمەتانەی جیهان دەکەین، کە لە سەرووی تەکەای پلەی زیرەکی و بلیمەتییەوەن، بە کورتی و بە چێش یەکەکیانتان پێدەناسینین، ئەویش کچێکی زیرەک و بلیمەت (ئەلیفیا مانینگ). گەر دەرفەتمان بە بەخسەت باسی چەند ژنەکی کەشیان دەکەین. ناوەکانی ژنە بلیمەتەکان و ناسنامەی نەتەوەییان:

١ـ ئەلیفیا مانینگ ـ بریتانییە. تەمەنی (١٢) ساڵە تەکەای پلەی زیرەکی (١٦٢) پلەیە.

٢ـ فابیولا مان ـ بریتانییە. لە (١٢) ساڵیدا، تەکەای پلەی زیرەکی (١٦٢) پلە بوو.

٣ـ لیدیا سباستیان ـ بریتانییە. تەمەنی (١٢) ساڵە، تەکەای پلەی زیرەکی (١٦٢) پلەیە.

٤ـ جەدیت پولگار ـ مەجەریيە. تەکەای پلەی زیرەکی (١٧٠) پلەیە.

٥ـ ڕەس لەرانس ـ بریتانییە. تەکەای پلەی زیرەکی (١٧٥) پلەیە.

٦ـ گراس هەپەر ـ ئەمریکییە. تەکەای پلەی زیرەکی (١٧٥) پلەیە.

٧ـ گەرمین ستیل (مەدام دی ستیل) ـ فەرەنسییە. تەکەای پلەی زیرەکی (١٨٥) پلەیە.

٨ـ ماری کوری ـ پۆڵۆنییە. تەکەای پلەی زیرەکی (١٨٥) پلەیە.

٩ـ مارلین فەس سافانت ـ ئەمریکییە. تەکەای پلەی زیرەکی (١٩٠) پلەیە.

١٠ـ هیپاتیا سیون ـ ژنە جوولەکەیەکی ـ یۆنانییە. تەکەای پلەی زیرەکی (١٩٠) پلەیە.

١١ـ ئەدیس ستەرن ـ ئەمریکییە. تەکەای پلەی زیرەکی (٢٠٠) پلەیە. لە هەندێ لە تاقیکەرنەوەکاندا لەم پلەیەش بەرزتری بەدەستهێناوە. بلیمەتترین ژنی گەردوونە. کە تا ئێستا هیچ پیاوەکی زیرەک و بلیمەت، ئەم پلە بلیمەتییەی بەدەست نەهێناوە.

کچێکی بلیمەت ئەلیفیا مانینگ:

ئەلیفیا مانینگ، کچێکی جوان و خەنگەرم و ڕووخۆشی ئینگلیزییە، تەمەنی (١٢) ساڵە، لە هەرەمی (نەریس گرین) لە بریتانیا لەگەڵ خەزانەکەیدا دەژی. قوتابی بنەڕەتییە لە قوتابخانەی ئاکادیمی کچان لە (ئەڤەرتون) لە باکووری شاری (لیڤەرپول).

ئەلیفیا، لە پەلی یەکەوە لە هاوڕێیانی پلەکەی زیرەکتر و جیاوازتر بوو، زۆر بە ئاسانی و بە خێرایی بابەتەکانی وانەکان فێردەبوو و وەریانی دەگرت و بە ئاسانیش بە بیری دەهاتنەوە. بە تایبەتیش لە بیرکاریدا زۆر زیرەک، ئەرکەکانی قوتابخانەی زۆر بە لاوە ئاسان و ساکاربوون. لە منداڵییەوە دەستی پێرتووک و هەگرەکی خوێندنەوەیە.
منداڵە هاوڕێکانی، خێریکی یاری بوون و رقیان لە ئەرکەکانی ماڵەوە و لە قوتابخانە دەبەوە. بەڵام ئەلیفیا سەرقاڵی خوێندنەوەی پێرتووکی بابەت هەمەجۆر بوو.

ئەلیفیا مانینگ وتی:" دەتوانم یادم کە دەقی شانەی (ماکبەس)ی شکسپیرم بە (٢٤) کاتژمێر لەبەرم کرد. ئاوەشی وت:" گەلێ لە هاوڕێیانی هاوپۆلەکەم و بەرزتریش، ئەرک و راهێنانەکانی قوتابخانەیان بە لام دەهێنان. یارمەتیم دەدان و یارمەتیان دەدەم"
ئەلیفیا مانینگ لە تەمەنی (١٢) ساڵیدا، بڕشدای لە تاقیکردنەوەکانی کەمڵەی (مینسا) کرد، کە تا ئێستا تەنیا کەمڵەیە بە دیاریکردنی ئاستی زیرەکی و بلیمەتی، بە چەندین تاقیکردنەوە. لە میانەی وەڵامە دروستەکانی چەندین پرسیاری جەراوجەر، پەوانەی تەکەای پلەی زیرەکی کەسانی زیرەک دەکەن. ئەلیفیا تەوانی تەکەای پلەی زیرەکی (١٦٢) پلە بەدەستبهێنیت. ئاو رەز و شکۆمەندییشیان پێبەخشی کە بوو بە ئەندامی کەمڵەی (مینسا). بەووش بە یەکە لە بلیمەتەکانی جیهان و بە یەکێک لە سەدا یەکی (١%) کە رەژەی زیرەکەکانی جیهانە. شایەنی باسیشە، بەم ئەنجامە پلەی زیرەکی ئەلیفیا مانینگ (٢) پلە ــ بەرزترە، لە پلەی زیرەکی هەردوو زانای فیزیاوی ئەلبەرت ئەینشتاین) و پرۆفیسەر (ستیڤن هاڵینگ)، کە تەکەای پلەی زیرەکییان (١٦٠) پلەیە. هەر کەسێکی زیرەکیش تەکەای پلەی زیرەکی لە (١٦٠) پلە زیاتر بێت، ئاستی زیرەکی لە سەرووی بلیمەتی دایە. ناوەندی پلەی زیرەکی (١٠٠) پلەیە. هەر کەسێکی زیرەک پلەی زیرەکی لە (١٤٠) پلە زیاتر بێت، دەچێتە ئاستی بلیمەتەکان و بە دەبێت بە یەکێک لە ئەندامانی کەمڵەی مینسا و بە یەکێک لە لیستی رەژەی لە سەدا یەکی بلیمەکانی هەموو جیهان. دووبارە سیری تەکەای پلەی زیرەکی ئەو یانگزە ژنەی سەرەوە بکەن، کە هەموویان لە سەرەوەی ئاستی بلیمەتیدان.
ئەلیفیا، کچێیەکی زۆر سادە و خاکی و کەمڵایەتییە. بە رەژنامەی (دەلی میل)ی گیایەوە و وتی:" توانایەکی باشم لە

وەرگرتنی بابەتەکاندا هەیە و لەیادم ناچنەوە. سەرسام بووم و چاوەڕێی ئەوەم نە دەکرد، کە ئەم پلە بالایە لە زیرەکیدا وەربگرم"
چاوەوانی ئەوە لە ئەلیفیا مانینگ دەکرێت، کە خوێندنی بالا تەواو بکات و ببێت بە دانا و زانایەکی گەورە و هەڵکەوتوو، ڕێی ببێت و بتوانێت خزمەتی مرۆڤایەتی بکات.
ڕزا شوان
نەرویج: ١٦/ نۆڤەمبەر/٢٠٢٠

ڕاگەیاندنی کۆمیتەی داکۆکی لە مافی ئازادییەکان/ هەرێمی کوردستان-عێراق

ئەمە دەستێکە لە خەباتگێڕانی ئازادیخواز بۆ لابەرچاوگرتنی پێشێلکارییەکان لەلایەن ئینتیمای سیاسی لە هەلومەرجێکدا دەستمان بردوە بە بونیاتنانی ئەم کۆمیتەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا پێشێلکاری گەورە بەرامبەر سەرکیترین مافەکانی هاوڵاتیان دەکرێت و ئازادییەکان بە ئادیکی بەرچاو بەرتەسککراونەتەوە و سەرکوت و ستەماکاری لووپەی هەڵکشاندایە. ئەگەرچی لە ٢٩ ساڵی ڕابردودا پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکان لە هەرێمی کوردستان شۆنێ ناڕازایەتی خەڵکانی ئازادیخواز بووە، بەڵام لە سایەی ئەم کابینەیەدا هەنگاوەکانی بەرەوکردنەوەی تیرۆر و ڕفاندن و ترس و تۆقاندن و پێشێلکرندی مافەکانی خەڵک لە ئاستێکی مەترسیداردایە و بەردەوام لە هەڵکشاندایە و هاوڵاتیان بە قەیرانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکجار سەختدا تێدەپەڕن.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیە تاڕانەو وەک هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەو دەخە نالەبارە بە پێویستمان زانی ئەم کۆمیتەیە ڕابگەیەنین کە لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم کار و چالاکی بکات بۆ بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕێگای کاری پێکەوەیی دیبلۆماسی و چالاکی گشتگیر لەگەڵ خەڵکانی ناڕازی تا بتوانین وەک قەڵغان سنورێک بۆ ستەمکاری لە هەرێمی

کوردستان دابنێین.
بە ئەم مەبەستە ڕۆژی ١/١١/٢٠٢٠ یەکەم کۆبوونەوەی خەمان سازدا و وەک یەکەم کاری هەنوکەیی کۆمیتەکە ئازادکردنی زیندانیانی بادینان لە ڕۆژنامەنوسان و چالاکوانان کە لە چەند مانگی ڕابردودا بە پاساوی جۆراوجۆر یان ڤەندراون یان دەستگیر کراون. بەداخەوە هەندێکیان بەسەروشوێنن، ڕێگا بە پارێزەر و کەسوکاریان نادرێت سەردانیان بکەن و بە گوڕەی ئەو زانیارییانەی بەدەستمان گەیشتووە بەندکراوان لە ژێر ئەشکەنجەی قورسی جەستەیی و دەروونیدا ددانپێدانیان پێکراوە بە کەمێک تاوان کە ئەنجامیان نەداوە و بەدووری نازانین سیناریۆی ددانپێدانی زۆرملێیان پێئەنجامبدەن و لە کەناڵەکانی خۆیان بڵاوی بکەنەوە. لەم ڕووەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردودا هەواڵەکانمان چڕ کردەوە بە بەستنی پەیوەندیەکان لەگەڵ پەرلەمانی ئەورووپای یەکگرتوو و ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەیان لەو ڕەوشە مەترسیدارە.
ئازادکردنی دەستبەجێی ئەو زیندانیانە ئەرکی ئەم حکومەتەیە و پێداگری لەسەر ئازادکردنیان ئەرکی تەوای لایەن و پارتە سیاسییەکان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە.
کۆمیتەی داکۆکی لە ماف و ئازادییەکان/ هەرێمی کوردستان-عێراق

١٣/١١/٢٠٢٠
rightandfreedomcommunity@gmail.com